# کۆمەڵەی ژ.ک. و کورتەی بەشێک لە رووداوەکانی ناو حیزبی دێموکوراتی کوردستانی ئێران

عومەر عەسری

شەڕی یەکەمی عالەمی ١٩١٤– ١٩١٨ وسەرکەوتنی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و شکست ولە بەریەک هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی، ئەگەر بۆ هێندێک لە گەلانی بندەستی ئە وئیمپراتۆرییە خێرێکی هەبووبێ بۆئێمەی کورد جگە لە ماڵوێران و هەژاری، برسییەتی و قاتوقڕی، بێبەشی وچارەرەش و دابەشکردنی وڵاتە کەمان چیترنەبوو. سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ساڵی ١٩١٧ی رووسییە و هاتنە سەرکاری یەکێتی سۆڤێت وەک یەکێک لە رووداوە هەرە گرینگەکانی سەدەی بیستەم و، نوختە وەرچەرخانێکی مێژوویی کۆمەڵگای ئینسان، کە سەرِ دەمانێک جێگای هێوا و ئاواتی گشت بەشمەینەتان و چینی چەوساوەی جیهان و گەلانی بندەستی بوو، بۆئێمەی کورد خێرێکی وای نەداوە.

پاش برانەوەی شەڕ ١٩١٨/١٠/٢٠ و لە کاتی دابەشکرتنی میراتی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، بە پیی مادەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ی پەیمانی (سیڤر) ١٩٢٠/١١/١٠ و بە لە بەر چاوگرتنی بەر نامە ١٤ مادەییەکەی (ویلسۆن) سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا، بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیشدرا. بەڵام دەوڵەتە براوەکانی شەڕ لە لایەک بەهۆی نەبوونی بەرنامە و ستراتیژییەکی روونی نەتەوەیی لە لایەن رێبەرانی کوردە وە کێشە و ناتەبایی نێوانیان و هەستو سۆزی ئاینی و دڵسۆزیان بۆ خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی و لەو لاشەوە پاشگەز بوونەوەی یەکێتی سۆڤێت، لە گشت ئەو پەیمان و بڕیارانەی کە دەوڵەتی رووسییەی تەزاری بەر لە شەڕو لە جەنگەی شەڕدا لە سەریان رێککەو تبوو، ستراتیژی خۆیان گۆڕی و جارێکی تر چاویان بە سیاسەت وبڕیارەکانیاندا خشاندەوە. بە تایبەتی پاش سەقامگیر بوونی یەکێتی سۆڤێت وهاتنە سەرکاری دەوڵەتی تازە دامەزراوی تورکییە.

.......پەیمانی سیڤرزیندە بە گۆڕکرا و، پەیمانی لۆزانی١٩٢٢/١١/٢٠ی لەجێگادانرا. لەواده و بە ڵینییەکانی خۆیان لە مەڕ دامەزرانی دەوڵەتی کوردی پاشگەز بوونەوە هیچ، بە ڵکوو

کوردستانیشـــیان کردبـــه ۴ کوتـــەوە و بۆپێشـــگرتن و بـــەر بـــەســـتکردنی بـــڵاو بوونـــەوەی بیـــری کوموونیســـتی، دوو دەڵـــەتـــی درِ و ســـەرە رۆ و کـــورد کـــوژی: (تورکییـــە) و (ئێـــران)یـــان کـــردە پـــەر ژیـــن و لـــەمپـــەری نێـــوان خۆیـــان و یـــەکێتی ســـۆڤێت. یارمـــەتییـــان دان. پـــرِ چـــەکیـــان کـــردن و پشـــتیان گـــرتن ولـــە کـــورد وگـــەلانـــی ناوچـــەکـــەیـــان بـــەردان و دوو بـــەشـــەکـــەی تـــری کوردستانیشـــیان راســـتەوخـــۆ خســـتە ژێـــر دەســـەڵاتـــی خۆیـــان (کـــە دواتـــر کرانـــە دیـــاری وخرانـــە ســـەر (عێـــراق) و (ســـوورییە)، دوو دەڵـــەتـــی تـــازە دامەزراوی دەستکردی خۆیان..

یـــەکێتـــی ســـۆڤێت، بـــە بیـــانووی پاراســـتنی یـــەکـــەم ئـــەزمـــوونی سۆسیالیســـتی و تـــەنهـــا پـــەنـــا و یارمـــەتیـــدەری چینـــی چـــەوســـاوەی جیهـــان و دەیـــان تیئـــۆری داداشـــراو نـــەک هـــەر یارمـــەتـــی گـــەلانـــی بنـــدەســـتی ئـــەو وڵاتانـــەی نـــەدا، بـــەڵکـــوو هـــەر لـــە ســـەرەتـــای هاتنـــە ســـەر کاریـــەوە، پـــەیمـــانی برایـــەتـــی لـــە گـــەڵ دەوڵـــەتـــەکانـــدا بـــەســـت. یارمـــەتـــی دان. شـــانی بـــۆ شـــلکردن و، تـــەنانـــەت حیـــزب و رێکخـــراوە چـــەپ و کومونیســـتەکـــانی ئـــەو وڵاتانـــەشـــی بـــۆ کردنـــە دەســـتەمـــۆ و گـــوێ لـــەمســـت. لـــە تورکیـــا هـــەتـــا ئێســـتاکەیـــش، سیاســـەتـــەکـــانی کـــەمـــاڵ ئـــەتـــاترک لـــە دژی کـــورد بـــەرێـــوە دەچـــن. لـــە ســـوورییا، نکـــوولی دەکـــرێ لـــە بـــوونی کوردســـتان وناســـنامەی کـــوردی.لـــە عێـــراق هـــەتـــا رووخـــانی رژیمـــی ســـەدام بـــۆ مـــاوەی پتـــر لـــە ۸۰ ســـاڵ کـــورد هـــەر کوژراوە و وڵاتی تالان و کاول کراوە.

لـــە ئێـــرانیش، لـــە ســـایەی دەســـەڵاتـــی رەشـــی رەزا شـــادا، کـــورد تـــەنگـــی بێهـــەڵچنـــدرابوو. مـــاڵی کـــاول و ســـامانی بـــەتـــالان دەبـــرا. زمـــانی قـــەدەغـــە و جلـــو بـــەرگـــی قاچـــاغ بـــوو. هـــەر جووڵانـــەوە یـــەکـــی سیاســـی، فـــەرهـــەنگـــی تـــاوان بـــوو.هـــەر نـــارەزایـــەتیێکـــی کۆمـــەڵایـــەتـــی بـــەگونـــاە دەژمێـــردرا. گـــەورە پیـــاوانی زینـــدانی دەکـــران. یـــان لـــە کوردســـتان دوور دەخرانـــەوە. درگـــای مزگـــەوت و خانـــەقـــا و تـــەکییـــەکـــان داخرابـــوون. رێبـــەرانـــی ئـــاینی ســـووکایەتیـــان پێـــدەکـــرا.ســـەیفـــی قـــازی گـــەورە شـــاعیر و مامۆســـتای هونـــەر و ئـــەدەبـــی ئـــەوێ دەمێـــی موکوریـــان، لـــەو ســـەردەمـــەدا، ئـــاوا باســـی کـــوردان دەکـــات وپێیانـــدا هەڵدەڵێ:

لا هە ڵدراو، جگەر براو، فرێدراو،
رامان دەدەن بەجارێ لە هەورازێ بۆ نشیو.
بۆوانە هەرچی جوانە لە جێ، دێ، لە ژن لە ماڵ.
هەر شاخو داخە بۆ مە، کورِی رەش کچێ درێو........

ئالـــە و رۆژگـــارە رەشـــەدا و لـــە جـــەنگـــەی شـــەرِی دووهـــەمـــی عالـــەمیدا رۆژی ۳ی خـــەرمانـــانی ســـاڵی ۱۳۲۰ی هـــەتـــاوی ۲۵ی ئـــاوتی ۱۹۴۱ی زاینـــی، هێـــزی ئینگلـــیس و ئـــەمریکـــا لـــە خـــوارەوە و یـــە کێتـــی ســـۆڤێتیش لای ســـەرەوە

هاتنە ناو خاكی ئێرانەوە. ئەو ئەرتەشی پرچەكی بە فرو فیشاڵی شاهەنشاهی لەبەر یەک هەڵوەشایەوە. خوارووی كوردستان كەوتە ژێر دەستی هێزەكانی ئینگلیس و ئامریكا و لای سەرووشی ئەرتەشی سوور داگیری كرد. كۆتایی بە دەسەڵاتی ڕەشی ١٦ ساڵەی (ڕەزا شا) هات. لە سەر تەختی سەڵتەنەت ولانرا و بۆ خوارووی ئەفریقا دوور خراوە. و محەممەد ڕەزای كوڕی لە جێگا دانرا.

بە هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناوچەكە، لە سەر تاسەری ئەو بەشەی كوردستان، جمو جۆڵی نیزامی و سیاسی دەستی پێكرد. حەمە ڕەشید خانی بانە، كە لە ساڵەكانی ١٣٠٣-١٣٠٩ پاش چەند شەڕو تێكهەڵچوون لەگەڵ ڕیژیمی ڕەزاشادا پەنای بۆ عێراق بردبوو، پاش ئەوەی هێزی رووس ٣ی خەرمانای ١٣٢٠ بانەی گرت و پادەگانی تالانكرد وبە جییهێشت، لە ١٩/٦/١٣٢٠-١٠/٩/١٩٤١ هاتەوە بانە و گرتییەوە. پاش چەند رۆژ سەقز و رۆژی ٣ی ڕەزبەر سەردەشتیشی گرت. ویستی مەریوانیش بگرێ و بەرەو دیواندەرو سنەش هێزی بەڕی كرد. لە نێوان دیواندەرە و شاری سەقزدا و لە ناوشاری سەقز و لە بەینی سەقز و بانەدا، شەڕی زۆر سەخت و قارەمانانەی كرد و زەبری باشی لە ئەرتەش وعەشایری لایەنگری دەوڵەت وەشاندا. (سەروان ئەمینی) فەرماندەی ئەرتەش و عەلی خانی حەبیبی (لە ئاغایانی تیلەكۆ كە لایەنگری دەوڵەت بوو) لە گەڵ جاش وسەر بازێكی زۆر لەو شەڕانەدا كوژران.

ئەرتەشی ئێران، پاش چەندجار پەلامار وتێكشكان، سەرەنجام بە هێزێكی زۆرەوە هێرشی كردەوە و حەمەڕەشید خانیش بە شەر و پاشەكشە بەرەو بانە گەڕاوە. بەڵام دەوڵەتی ناچاركرد: كە لە ژێر چاوەدێری نوێنەری بەریتانییادا لە گەڵی ڕێككەوێت و كرا بە فەرمانداری شاری بانە و بڕیاردرا: چەكی خۆی هەرپێبێ و ژاندرمە و پۆلیس و سەرباز لە بانە و سەردەشت نەمێنن. هەتا هاوینی ساڵی ١٣٢١-١٩٤٢حاكمی بانە بووە.

(حەسەن ئەرفەع) دەڵێ "ئەرتەش بەفەر ماندەیی براكەی من: برایمی ئەرفەع، لەسەرەتای ڕەزبەری ١٣٢١دا شاری بانەی گرتەوە "حەممە ڕەشید خان ڕۆژی ٨ی ڕەزبەر شاری بانەی سووتاند و گەڕاوە بۆعێراق.

بەڵام دوكتوورقاسملوو دەڵێ "حەمە ڕەشیدخان هەتا پایزی ١٣٢٢ی هەتاوی-١٩٤٣ی زاینی لە بانە حاكم بووە"پاش دامەزراندنی كۆماری كوردستان،حەمە ڕەشید خان هاتە مهاباد و بوو بە ژەنراڵی كۆمار و

کرا بە فەرماندەی هێزی (بۆکان) و هەموو جەبهەکانی شەڕ لە سەقز وناوچە کە ....

لەناوچەی ورمێش عەشایر لە حوکومەت ڕاستبوونەوە. لە بە هاری ١٣٢٢ هەتاوی ١٩٤٣ی زایینی، پەلاماری بنکە و پاسگاکانی ژاندرمەیاندا وبرێک گوندیشیان تالان کرد وشاری (ورمێ) شیان گەما رۆدا. وەک دەڵێن: ئەوانیش هێندێک داخوازی نەتەوە ییان هەبووە: وەک مەدرەسە وخوێندن بە زمانی کوردی و ئیدارەی ناوچەکە لە لایەن خۆیانەوە و هەلگرتنی چەک. بەڵام بەنێو بژیکەری کونسوولی سۆڤێت لە (ورمێ) بڵاوەیان پێکرا و چوونەوە ماڵی خۆیان. لە خەتی (مەریوان)ی شەوە، عەشایر وەخۆ کەوتن. پاسگای (باشماخ)یان گرت و چوونە ناو شاری مەریوان و بە نیازی گرتنی شاری سنەش بوون. بەڵام لەوێش هیزی بەریتانیا پێشی پێگرتن و نەیهێشت هیچ دەسکەوتێکیان هەبێ و لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی هیچ بکەن...

لە شاری مهاباد ودەوروبەری لە ناوچەی موکوریان، کە هەر لە کۆنەوە مەکۆی کوردایەتی وبزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد و خەباتی دژی داگیرکەران بووە، کەشوهەوایێکی لە باربۆ کاری سیاسی و رۆشنبیری رەخسا. رووناکبیران وتێکۆشەرانی کورد هەلیان بەفیرۆ نەدا وکەوتنە خۆو، لە رۆژی ٢٥ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی، ١٩٤٢/٨/١٦ی زایینیدا، جەمعێک لە نیشتمان پەروەرانی شاری مهاباد لە باغی حاجی داوودی بە بەشداری نوێنەانی حیزبی (هیوا) لە باشووری کوردستانەوە: (میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو) کۆمەڵەی ژ.کیان دامەزراندوە. ئەگەرچی هەتا ئێستاکەش، کۆدەنگییەک لە سەر نێوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک نییە. تەنانەت لە لایەن چەند کەسێک لەدامە زرێنەرانی خودی کۆمەڵە شەوە ناوەکان وەک یەک نین! بەڵام لە زوربەی سەرچاوەکاندا نێوی ئەو کەسانە هاتوە: عەبدوره حمانیزەبیحی، قادری مودەریسی نەجمەددینی تەوحیدی، حسەینی فروهەر (زێرینگەران) رەحمانی ئیمامی، محەممەدی نانەوازادە، قاسمی قادری، عەلی مەحموودی، محەممەدی ئەسحابی، رەحمانی کەیانی و سەدیقی حەیدەری ...

کۆمەڵەی ژ.ک کوردستانی پێ یەک وڵات و کوردی بێ یەک نەتەوە بوو. خاوەنی ستراتیژێکی نەتەوەیی دیاریکراو بوو بۆچارەسەری کێشەی کورد. لایەنگری یەکگرتنەوەی کوردستان و دامەزراندی دەوڵەتێکی کوردی بوو. بڕوای بە خەباتێکی یەکگرتووی خاوەن یەک سەرکردایەتی سیاسی و نیزامی هەبوو بۆرزگاری یەکجاری کوردستان. پێوەندی ستراتیژی وهاوخەباتی پتەوی هەبوو بە حیزبی(هیوا)وە لە باشووری کوردستان.

نامـــەی بـــۆ بـــارزانی ڕێبـــەری شۆڕشـــەکـــەی ســـاڵەکانی ١٩٤٥-٤٣ی بـــارزان نووســـی و داوای لیکـــرد: خـــەباتـــە کـــەیـــان یـــەکخـــەنـــەوە. بـــارزانی ببێتـــە زەعیمـــی عـــەســـکەری وشـــووڕاییکی سیاســـیش ڕێبـــەری شۆڕشـــەکـــە بگرێتـــە ئـــەســـتۆ و بانگـــەواز بـــۆ دامـــەزرانـــدنی دەوڵـــەتێکـــی کـــوردی بکـــەن. کۆمـــەڵـــە زۆرجـــاران بـــە لـــەبـــەر چـــاو گرتنـــی بارودۆخـــە جیهـــانی و ناوچـــەییـــەکان، پێـــوەنـــدی بـــە دەوڵـــەتـــە هاوپـــەیمانـــەکانیشـــەوە گرتـــوە و داوای یارمـــەتـــی و پشتگیری کوردی لێکردوون.

کۆمـــەڵـــە، لـــە مـــاوەیـــەکـــی کـــەم و کورتـــدا گـــەشـــەی کـــرد و پـــەڕی هاویشـــت و هـــەمـــوو کوردســـتانی ڕۆژهـــەڵاتـــی گرتـــەوە. ســـنووری دەســـتکردی بەزانـــد و چـــووە نـــاو پارچـــەکـــانیتـــری کوردســـتانەوە. لـــە شـــاری ( ســـلێمانی) لقـــی کۆمەڵـــە کـــراوە. لـــە بانـــەمـــەڕی ســـاڵی ١٣٢٢ هـــەتاویـــدا ١٩٤٣ زاینـــی، نزیکـــەی ١٠٠کـــەس لـــە ئـــەنـــدامانی کۆمـــەڵـــە لـــە بـــاغی خوداپەرســـتەی نزیـــک شـــاری مهاباد،لـــە کۆبوونـــەوە یـــەکـــی نیمچـــە کـــۆنگرەییـــدا بەرپرســـایەتیـــان دابـــەشـــکردوە و بڕیـــاری دەرکردنـــی گۆڤـــاری (نیشـــتمان)یـــان داوە، هـــەتـــا بـــەشـــێوەیـــەکـــی ڕەســـمی وئاشـــکرا سیاســـەت وبۆچوونـــەکـــانی خۆیـــانی تێـــدا بڵاوکەنـــــەوە. لـــــە ١٣٢٣/٧/١٥ی هـــــەتاویـــــدا ٧/١٠/ ١٩٤٤ی زاینـــــی، قـــــازی محـــەممـــەد (١٩٠١-١٩٤٧) کـــەســـایەتـــی نـــاودار وهـــەڵکـــەوتـــووی شـــاری مهابـــاد وناوچـــەکـــە، بـــە ئـــەنـــدامی کۆمەڵـــە وەرگیـــراوە. لـــە هـــاوینی ١٣٢٤ی هـــەتاویـــدا لـــە ڕۆژهـــەڵاتـــی کوردســـتانەوە قاســـمی قـــادری، لـــە بـــاکوورەوە مـــەلا وەهـــاب و لـــە جنووبیشـــەوە شـــێخ عـــەبـــدوڵای زینـــوێ لـــە چیـــای داڵانپـــەڕ پـــەیمـــانی سێ سنووریان بەستوە...

هـــاوینی ســـاڵی ١٣٢٤هـــەتـــای، ١٩٤٥ زاینـــی شـــانۆ نامـــەیـــەک کـــەوتۆتـــە دەســـت ئـــەنـــدامانی کۆمـــەڵـــە. هـــەرچـــەنـــد هـــەتـــا ئێســـتاکەش لـــە هـــیچ ســـەرچـــاوەیـــەکـــدا بـــەروونـــی و ڕاشـــکاوی نـــاوی نووســـەری ئـــەو شـــانۆ نامـــەیـــە نـــەهـــاتوە، بـــەڵام وەک دەڵـــێن: لـــە گـــەرمێنـــەوە هێناویانـــە. شـــانۆ گـــەری دایکـــی نیشـــتمان، لـــە ٥ بـــەش (پـــەردە) پێکهـــاتبوو: پـــەردەی یـــەکـــەم: فریشـــتەیـــەکـــی ســـەرتاپـــا ســـپی دێتـــە سەرشـــانۆکە و،بـــەدە نگێکـــی خۆشـــی بـــڕ بەسۆزەوە ئەو شێعرە بەرزەی حاجی قادری کۆیی دەخوێنێتەوە:

ئەی بێنە زیروهامتا هەرتۆی کەبەر قەراری.

بێدار و بێ دیاری. بیدار و پایەداری.

بۆ باغی مەردی باغی سەرمایەکەی خەزانی.

بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری........

پـــەردەی دووهـــەم: نوێنـــەرانـــی ئێـــران، تورکیـــە، عیـــڕاق وئـــەفغانســـتان دانیشـــتوون و، باســـی پـــەیمـــانی ســـەعـــد ئابـــادی ســـاڵی ١٣١٦-١٩٣٧ وپلانـــی دژی نـــەتـــەوەی کـــورد دەکـــەن. پـــەردە ســـێهەم: دایکـــی نیشـــتان ڕەشـــپۆش و

سەرسپی و دەست وپێی زنجیر کراو دێتە سەر شانۆوکە و لە سەر ئەژنۆ دادەنیشی و هاوار لە رۆڵەکانی دەکات: لەو کۆتو زنجیرە رزگاری کەن. پەردەی چوارەم: لە پرچەند پێشمەرگە وسەربازی ئەرتەشی سوور وە ژووردە کەون و دایکی نیشتمان رزگار دەکەن. پەردەی پێنجەم: هێزو توانای خەڵک نیشان دەدەن و مارشی نیزامی لێدە درێ. ئەوشانۆ گەرییە دەیان جار لە شاری مهاباد وشارەکانیتر نیشان دراوە. (گۆڤاری نیشتمان) و شانۆ گەری (دایکی نیشتمان) دەورێکی باش و بەر چاویان هەبوو لە بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و وشیار کردنەوەی کۆمەلانی خەڵک و پەرەپێدانی رۆحی برایەتی و پێکەوە ژیان و بروا بە یەک بوون....

لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ١٩٤٥ی زاینی وپاش دووهەم سەفەری نوێنەرانی کورد بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد بۆ باکۆ لە مانگی دیسێمبردا لە سەر داوا و رێنوێنی دەولەتی سۆڤێت وفشار و پێداگری زۆری (جەعفەر باقرئۆف) رەئیس جمهووری ئازەربایجانی شووری و وەک دەڵێن: (بە لەبەر چاو گرتنی هەلو مەرجی جیهان و ناوچەکە) رۆژی ١٣٢٤/٨/١ی هەتاوی – ١٩٤٥/١٠/٢٣ی زاینی بە بەیانێک کۆمەڵە هەڵوەشێندراوە و حیزبی دێمۆوکراتی لە جێگە داندرا و لە رۆژی ١٣٢٤/٨/٢دا حیزب یەکەم کۆنگرەی خۆی گرت و بەرنامە وسیاسەتە گشتییەکانی خۆی راگەیاندوە. لە رۆژی٢٦ی سەرماوەزدا، ئالای کوردستان لەشاری مهاباد هەڵکرا. رۆژی ٢ رێبەندان، قازی محەممەد لە چوارچرای شاری مهاباد بە بەشداری دەیان هەزار کەس کۆماری کوردستانی راگەیاند. گۆڤاری کوردستان لە لاپەرەی ١١ی یەکەم ژمارەیدا دەنووسێ: لە هەوەڵی مانگی خەزە ڵوەری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا – ١٩٤٥/١٠/٢٣ی زاینی، حیزبی دێمۆوکراتی کوردستان لە مهاباد دانرا و بەیاننامەی خۆی بڵاو کردەوە و لە ١٣٢٤/٨/٢دا، هەوەڵ کۆنگرەی خۆی بەست" بەلام حیزبی دێمۆکرات رۆژی٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤–١٩٤٥ بە رۆژی دامەزراندنی خۆی دادەنێ و هەموو ساڵێکیش لەو رۆژەدا جێژنی ساڵوگەڕی دامەزارانی خۆی دەگرێ و ئاهەنگی بۆ دەگێڕێ.

ئەو سەردەمانە، نەمر قازی محەممەد، تەنها سەر کردە و کە سایەتی ناسراوی ناوچەی موکوریان و هەموو کوردستانی رۆژهەڵات بوو کە توانی بە سەر کەندو کۆسپ و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای کۆماردا سەرکەوێ و، کێشەو ململانێ توندی نێوان عەشیرەتەکان، ناکۆکی نێوان ئاغا ورەعیەت، شێخ و مەلا، دەوڵەمەندو فەقیر، شاری وگوندی، بەشێوەیەکی ژیرانە و حەکیمانە (هەرچەندکاتیش بووبێت)

چارەسەر بکات و رۆحی برایەتی و پێکەوە ژیان، خۆشەویستی گەڵ و نیشتمان وهەستی نەتەوایەتی بکاتە مایە وهەوێنی پێکەوە حەوانەوە و سەرەنجام هەموولایەکیان لە دەوری ئاڵای کوردستان کۆ کاتەوە.

کۆماری کوردستان، لە ماوەی کورتی ١١ مانگ و بیست وچەند رۆژەی تەمەنی خۆیدا و بە ئیمکاناتێکی کەمەوە، توانی گەلێک هەنگاوی گرینگ وبەرچاو لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبیدا هەڵێنێتەوە و کۆمەڵێک نەزم وياسای وەها دامەزرێنێ کە ئێستاش پاش تێپەر بوونی پتر لە ٦٢ ساڵ وسەرە رای پێشڕەفتی زانست وتیکنۆلۆژی و چوونە سەری رادەی وشیاری و خوێندەواری خەڵک، هێشتا بۆیە دەبن بە بایەخەوە تێیان بڕواندرێ و دەرسیان لێ وەربگیردرێ. کردنی کوردی بە زمانی رەسمی، دەر کردنی چەندین گۆوارو رۆژنامە، ئیجباری کردنی خوێندن بۆ هەمووکەس، دانانی مەدرەسەی کچان و مامۆستای ژن، سەرپەرستی کردنی منداڵانی ڕەش وڕووت و بێ جێ وپەنا، ئاوڕدانەوە لە ژنان وگیروگرفتەکانیان و بەشداری پێکردنیان لە گشت مەیدانەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرەنگیدا، خوێندنی خوتبەی نوێژی جومعە بە کوردی، پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی سەرجەم دانیشتوانی کوردستان، بەرگریکردن لە دزی و دەست پیسی و گەندەڵی ئیداری، کەم کردنەوەی هەر چەشنە خوو خدەیێکی دزیو وناپەسندی ناو کۆمەڵ و........ بەشێکن لە کار نامەی پڕلە شانازی وسەر وەری کۆماری کوردستان..

کۆماری کوردستان، ببوە مەکۆ و جێگای حەسانەوە وحەوانەوەی تێکۆشەران و ئازادیخوازانی گشت بەشەکانیتری کوردستان، نەک هەر وەک میوان و پەنابەر، بەڵکوو وەک خاوەن ماڵی دەسەڵاتداری بڕیاردەر. مەلا مستەفای بارزانی و حەمە رەشید خانی بانە، دوو لە ٤ ژانراڵەکانی کۆماری کوردستان بوون. ئەفسەرەکانی باشووری کوردستان فەرماندە و بەر پرسی هێزی پێشمەرگە و پارێزەری سنوورەکانی کۆمار بوون و هەر ئەوانیش بوون لە جەبهەی (سەقز) لە گوندەکانی (ساڵحاوا، قاراوا و، ما مەشا) لە چەند شەڕی قارەمانانەدا زەبری گورچوو بڕیان لە دوژمن وشاند وناچاریان کرد لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری کوردستان بێتە سەر میزی وتوویژ...

هەر چەند ڕاگیاندراوی ئاتلانتیک، لە ئابی١٩٢٠دا لە لایەن ئامریکا و ئینگلیسەوە، بەڵێنی رزگاری گەلانی بندەستی دابوو. ببوەمایەی هومێد و گشت لا چاوی هیوایان تێ بڕیبوو، بەڵام ئەویش هەر وەک ١٤ مادەکەی ویلسۆن سەرۆک کۆماری ئامریکا و پەیمانی سیڤر، لە کاتی

شەڕی هەوەڵی عالەمیدا، تەنها قسەو پڕو پاگەندەی شەڕ بوون وهیچیتر، هاوپەیمانان، هەر لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ ناو ئێران، بە تایبەتی پاش وەلانانی رەزاشا لە سەر تەختی دەسەڵات و خۆ بە دەستەوە دانی تەرتەشی ئێران ودانانی محەممەد رەزای کوڕی لە جێگای، دژی هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران بوون و، لایەنگریان دەکرد لە یەکێتی ئەرزی و حاکمییەت و سەربەخۆیی ئێران و بە گوێرەی پەیمانی ٣قۆڵی ئێران، رووس، بەریتانییا لە ١٣٢٠/١١/٩ ٢١/١/١٩٤٢ و کۆنفەرانسی ٨-٩ی دیسێمبری ١٩٤٣، ١٧-١٨/٨/١٣٢١ی تاران لە لایەن چرچیل، ئاستالین، رۆزوێلت و محەممەد رەزاشاوە، دەبوو هاوپەیمانان ٦ مانگ دوای برانەوی شەڕ، خاکی ئێران بەجێ بهێڵن.

شەڕلە ئورووپا، لە مانگی بانەمەڕی١٣٢٤ هەتاوی ١٩٤٥ زاینی بە تەسلیم بوونی ئاڵمان و لە ئاسیاش رۆژی ١١ مانگی خەرمانانی ئەو ساڵە، بە خۆ بەدەستەوە دانی ژاپۆن تەوا بووە. ئەمریکا بەر لە تەواوبوونی شەشمانگەکە لەرۆژی ١٠ی مانگی سەرماوەزدا لە ئێران چۆتە دەرێ. بەریتانیاش رۆژی ١٢ی مانگی رەشەمە ئاخرین رۆژ خاکی ئێرانی بەجێهێشتوە. بەڵام یەکێتی سۆڤێت، چاوی تەماعی بڕیبوە ئازەربایجانی ئێران و بەنیاز بوو: کە دەوڵەتێکی ئازەری لێ دامە زرێنی ولە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا، مافێکی کەمی فەرهەنگی و کەلتووریش بدات بە کورد و باقی کەمایەتیەکانی تری دانیشتووی ئازەربایجان و لە فرسەتێکدا بیخاتەوە سەر کۆ ماری ئازە بایجانی شووڕەوی. هەمووقسە وباس و رێنوێنییەکانی (جەعفەر باقرئۆف) وکار بەدەستانی ئەوێ دەمێی یەکیتی سۆڤێت لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد، و گەورە پیاوانی کورد، لە بازنەی ئەوسیاسەتەدا دەخولانەوە.

ئەوە تەنها هەست وسۆزی جەماوەری گەلی کوردستان و هەوڵی بێ وچان ودیپلۆماسی ژیرانەی پێشەوا بوو کەتوانی باڵانسەکە راگرێ نە، خۆی دەرگیرکات لەگەڵ ئامریکا وبریتانیا و نە بشکەویتە ژێر تەئسیری وفشاری کار بەدەستانی شووڕەوییەوە و بەمەیل وویستی ئەوان هەڵسو کەوت بکات.

پێشەوا لە یەکەم فرسەتدا و باش دامەزرانی حوکومەتی ئازەربایجان لە ٢ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ ١٩٤٥ لە (تەورێز) ئەویش رۆژی ٢ی مانگی رێبەندان، کۆماری کوردستانی راگەیاند. پێشەوا، لە کۆ بوونەوەی رۆژی ١٢ /١٣٢٤/١١دا، دەڵێ: دوو جاران لە لایەن

حوكومـەتـی ئـازەربایجانـەوە بانـگ کـرام بـۆ (تـەوریـز) و داوایـان لێکـردم: کـە لـە گـەڵ حوکومـەتـەکـەی ئـەوانـدا یـەکبگـرین وببـین بـە یـەک، بـەڵام مـن ئـەو داوایـەم لـێ قبـووڵ نـەکـردن. چونکـە کـورد ۴ سـاڵە خودموختـارە. (واتـە سـەر بـەسـت وئـازادە) داوای ئیسـتیقلال و یـەکخسـتنەوەی تـەواوی خـاکی کوردسـتان دەکـات. زۆرم پـێگـران بـوو: کـە لـەو حـەقـەی دەسـت هـەڵگیـرێ. ئیحساسـاتی ئێـوە مـانیعی ئـەوە بـوو کـە ئیمـە بـە خودموختاری رازی بین و......"

ئـەرتـەشـی سـوور، لـە لایـەک لـە ژێـر فشـاری ئامریکـا و بـەریتانیـادا (رۆژی ١٣ی مـانگی رەشـەمـەی ١٣٢٤- ١٩٤۶ زاینـی بـەریتانیـا و رۆژی ١٥ش ئامریکـا ،رەخنـەی تونـدیان ئاراسـتەی یـەکێتـی سـۆڤێت کـرد. تـەنانـەت ئامریکـا هـەڕەشـەی شـەڕیشـی لێکـرد) وهـەروەهـا سـکاڵای ئێـران لـە شـووڕای ئـەمنیـەت و، لـەو لاشـەوە تـەمـاعی نـەوتـی شـیمالی ئێـران و، فـڕو فێڵـی و درۆ ودەلـەسـەی قـەوامـو سسـەڵتـەنـە، دەبـوو هـەتا رۆژی ٢٠ی مـانگی بانـەمـەڕی ١٣٢٥-١٩٤۶ زاینـی لـە ئێـران بچێتـە دەرێ. کاتێـک رێبـەرانـی دوو حوکومـەتـی کـورد و ئـازەری، هـەسـتیان بـەوە کـرد: کـە ئەرتـەشـی ئێـران بـە نیـازە بگـەرێتـەوە کوردسـتان وئـازەربایجـان بـە بیـانووی پاراسـتنی ئاسـایش لـە کـاتی هـەڵبژاردنی دەورەی ١٥ی مـەجلـیس (کـە لـە لایـەن سۆڤێتیشـەوە ئیجـازەی پێـدرابوو) سـەرە ڕای نـاکۆکی سـەدان سـاڵە و بـە لادا نـەخسـتنی کێشـەی سـنوور و شـارەکـانی شـاپوور، ورمـێ، خـۆی و میانـدواو، لـە رۆژی ١٣٢٥/٢/٣- ١٩٤۶/۴/٢٣ بـە حـوزوری پێشـەوا و پیشـەوەری، لـە شـاری (تـەوریـز) پـەیمـانی یـەکێتـی و برایـەتیـان بەسـت و لـە سـەر چـەنـد خـاڵێکی گرینگـی رێککـەوتـن ودواتـریش لـە ١۶ی مـانگی ئۆکتـوبری١٩٤۶زاینـی ٢٤ /١٣٢٥/٧ هـەتـاوی پـەیمـانی نیزامیشیان پێکەوە ئیمزاکردوە.

پـەیمـانی برایـەتـی نێـوان کـورد و ئـازەری، حوکـو مـەتـی مـەرکـەزی زۆر نیگـەران کـرد. هـەر بۆیـە لـە لایـەک کەوتـە بیـری دارشـتنی پلانـی وتـوویژ و، لـە لایـەکـی تریشـەوە خـۆی تـەیار دەکـرد بۆهێرشـی نیزامـی و داگیـر کردنـەوەی کوردسـتان و ئـازەربایجـان بـە بیـانووی پاراسـتنی ئـەمنییـەت لـە کـاتی ئینتیخابـاتدا. رۆژی ١٣٢٥/٢/٨ی هـەتـاوی نوێنـەرانی کۆمـاری کوردسـتان: سـەدری قـازی وحـەمـە حسـەیـن خـانی سـەفـی قـازی، لـە گـەڵ نوێنـەرانـی حوکومـەتی ئـازەربایجـان، بـە سـەرۆکایـەتـی پیشـەوەری، بـۆ وتـوویژ بانگکرانـە (تـاران) و رۆژی ١٣٢٥/٢/٢٣ بـە بێنـەتیجـە گـەڕانـەوە (چونکـە مـەبـەسـتی دەوڵـەت لـە وتـوویژە وەخـت بـەسـەر بـردن و خـۆ تـەیـار کـردن بـوو بـۆ شـەڕ و کێشـە و ئـاژاوە نانـەوەی نێـوان کـورد وئـازەری،

نەک بۆ بەلا داخستنی کێشەی ئەو دوو نەتەوەیە، هێشتا هەیئەتی وتووێژی کورد وئازەری لە تاران بوون کە ئەرتەش ویستی لە جەبهەی سەقزەوە بەرەو جادەی سەقز- بۆکان، پێشڕەوی بکات، رۆژی ۱۳۲۵/۲/۹ لە گوندی (سالْحاوا)ی نزیک قارەوا، شەڕێکی سەخت روویدا. لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە گورزێکی گورچووبڕ لە دوژمن وەشێندرا. پتر لە ۱۰۰ کەسیان لێکوژرا و۴۰ کەسێکیشیان لێ بەدیل گیرا و دەوڵەتی ناچارکرد بێتە سەرمیزی موزاکەرە. (رەزمارا) فەرماندەی ستادی ئەرتەشی ئێران و نوێنەرانی ئازەری، لە گەڵ هەیئەتی کورد، لە دوو دانیشتندا لە رۆژەکانی ۵-۳/۹/ ۱۳۲۵دەورەی یەکەمیان بەسەرۆکایەتی (محەممەد مەحمود قودسی) و دەرەی دووهەمیان بە سەرۆکایەتی حاجی بابە شیخ سەرەوک وەزیرانی کۆماری کوردستان، تا ڕادەیەک رێککەوتن وئاگربە ستیان کرد.

سەرەڕای رێککەوتنی نێوان دەوڵەت ونوێنەرانی کۆماری کوردستان، کەچی ئەرتەش جارێکیتریش لە کاتی وتووێژی دەو ڵەتی مەرکەزی و حوکوومەتی ئازەربایجاندا لە شاری (تەورێز) بە سەرۆکایەتی موزەفەر فیرووز کە لە ۱۳۲۵/۳/۲۱ دەستی پێکردبوو.

رۆژی ۱۳۲۵/۳/۲۵ لە جەبهەی سەقزەوە هێرشی هێناوە و لە گوندی (مامەشا) شەڕێکی سەخت روویدا. زەبرێکی باش لە دوژمن وەشێندرا، پێشەوا قازی محەممەد کە ئەوکات لە تەورێز بوو، رۆژی ۳/۲۶ لە تەورێزەوە هاتە گوندی (سە را)و لە گەڵ (رەز مارا) فەرماندەی گشتی ئەرتەشی (ئێران) لە سەر چەند خاڵێک رێککەوتن. بڕیاریاندا: هێزی پێشمەرگە رێگە بە حوکومەت بدات هەتا ئازوقە و جلو بەرگ بنێرێ بۆ پاسگای (میرە دێ) و پادە گانەکانی (بانە) و (سەردەشت) کە لە ژێر گەمارۆی هێزی پێشمەرگەدا بوون. بەشەرتێک جموجۆڵ و ئاڵو گۆڕی نیزامی نەکات و چەک و کەلوو پەلی نیزامی نەنێرێ بۆ جەبهەکان و لە لایەن کۆماری کوردستانیشەوە ۳ نوێنەر لە شارەکانی سەقز،بانە و سەردەشت دانێن. هەر لەو مەئمووریيەتە دابوو کە محەممەدی نانەوازادە، جێگری وەزارەتی پێشمەرگە، رۆژی

۱۳۲۵/۴/۲۵لە رێگای سەقز، بانە، کاتێک فرۆکەکەیان کەوتەخوارێ، سووتا و شەهیدبووا!!

ئەو رۆژانە، هێزی دوژمن، بە تەواوی ورەی بەر دابوو. لە شەڕی جەبهەکانی سەقز، بانە، سەردەشت شکستی سەختیان خاوردبوو. لە هەموو لایەکەوە لە گەمارۆدا بوون. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ورەی بەرزەوە بە نیاز بوو شارەکانی (سەقز) (سەردەشت) و (بانە) بگرنەوە و بەرەو شاری سنەش پێشرەوی بکات.

بەڵام (هاشمئۆف) کونسولی یەکێتی سۆڤێت لەورمێ، بە پەلە هاتە گوندی سەرا بۆلای (پێشە وا) و دژایەتی خۆی بۆ ئەو بڕیارەی هێزی پێشمەرگە راگەیاند. وتی "ئە و شارانە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هاو

پەیمانانن و نابێ بیانگرنەوە. "پێشەوا خۆیشی بە پێچەوانەی بڕیاری بەر پرسانی سیاسی ونیزامی، دژی پێشڕەوی هێزی پێشمەرگە وگرتنەوەی ئەوشارانە بوو. لای وابوو: هێزی پێشمەرگە نابێ لە کاتی وتووێژدا لە گەڵ حوکوومەت، شەڕ وپێشڕەوی بکات و......

لە وتوویژی دەورەی دووهەمدا، نوێنەرانی کۆماری کوردستان بەشدار نەبوون. هەیئەتی دەوڵەت لە و وتوویژەدا، لە گەڵ نوێنەنەرانی حوکومەتی ئازەربایجان، تاڕادەیەک بە نەتیجە گەیشتبوون: حوکومەت بەڵێنی دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی پێدابوون. وەعدی دابوو: خود موختارییەکیان بداتێ وەک هەموو نەتەوەکانی ناو یەکێتی سۆڤێت و، کوردیش وەک باقی کەمایەتیەکانی ناو ئازەربایجانی ئێران مافی ئەوەی هەبێ هەتا پۆلی ٥ سەرەتایی بەزمانی کوردی بخوێنێ. ئیتر باسێک لە کۆماری کوردستان و داوا ڕەوا وله مێژینەکانی کورد نەکرابوو!!

ئەگەرچی هەموو نوتق و قسەکانی پێشەواو و کار بە دەستانی کۆمار و نوێنەرانی گشت جین و توێژێکی کوردستان و، شێعری شاعیرانی ئەو سەر دەمەش، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە، باسی ئازادی و سەربەخۆیی و رزگاری یەکجاری کوردستان و کورد بووە، بەڵام وادیارە: بارودۆخە جیهانی و ناوچەییەکە بە تایبەتی پشت هەڵکردنی یەکێتی سۆڤێت لە دوو نەتەوەی کورد و ئازەر، بە تەمای نەوتی شیمالی ئێران و، فڕو فێڵ ودرۆو دەلەسەی (قەوام) و ریککەوتنی حوکومەتی ئازەبایجان (بە تەوسییە و ورێنوێنی (جەعفەر باقرئۆف) و کار بەدەستانی شووڕەوی و سازشکاری حیزبی توودە و، کۆمەڵێک فاکتەری ناوەکی و دەرەکی، ڕێبەرانی کوماری کوردستانیشی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایە: کە خۆیان لە گەڵ حوکومەتی مەرکەزیدا واریدی موزاکەرە بن ولەم قۆناغەدا بەهێندێک مافی فەرهەنگی وکولتووری واتە: نیمچە خودموختارییەک قەناعەت بکەن..

لە نێوەراستی مانگی پووشپەڕی ١٣٢٥ دا، پێشەوا قازی محەممەد، بۆ وتووێژ چۆ تەتاران. چەندجار قەوام سەرەک وەزیران وهەیئەتی دەوڵەتی بینیوە. بەڵام دەوڵەتی ئێران ئەوکات لە وەها بارو دۆخێکدا نەبوو کە مافی کورد بسەلمێنێ.... دکتوور قاسملوو دەڵێ؛ "دەوڵەتی ئێران قەولیدا بوو ئوستانێک لە ناوچە کورد نشینەکان سازکات کە لە مەرزی سۆڤێتوە هەتا کامیاران بگرێتەوە و قازی بکاتە ئوستانداری ئەوێ، بە مەرجێک ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان رازی بێ "لە هێندێک سەرچاوەی باوەڕ پێنەکراویشدا هاتوە کە: حەمەحوسەین خانی سەفی قازیشیان کردۆتەفەرماندای شاری مهاباد.. کاک نۆشیروان ئەمین، نووسیویە "هێندێک لە نووسەران بە بێ ئاماژە بە

سەر چاوەکەی، دەنووسن: قەوام بەڵێنی بە پێشەوا دابوو کە ئوستانێک لە ناوچە کوردنشینەکاندا کە هەر لە سنووری سۆڤیەتەوە هەتاکوو کامیاران بگرێتەوە، دروست کات وپێشەوا بکاتە ئوستانداری ئەوێ" پێشەوا، لە نوتقی رۆژی ۱۳۲۵/۵/۴دا، کاتێک باسی وتوویژی خۆی و قەوام دەکات، دەڵێ "ئێمە لە پێشدا بە هیچ جۆر داوای جوداییمان لە ئێران نەکردوە. تەنها مەبەستمان ئازادی خۆمان ودیمەکوراسی بوو. بەڵام پێشتر کار بە دەستانی دەوڵەتی ئێران، بێجگە لەوەی جوابیان نەدەدایەوە شۆخیشیان بە داواکانمان دەکرد، بۆیە ناچار بووین حوکومەتی خۆمان دامەزراند و هێزی خۆشمان لە بەرانبەر ئەواندا تاقی کردەوە. ئەوان کە ئێستا لە ئێمە بێنە پێش ئێمەش لەوان دەچینە پێش. ئەوان ئێستا حازربن کە پاشەکشەبکەن، ئێمەش ئامادەین بکشێنەوە " پێشەوا لە نوتقی رۆژی ۱۳۲۵/۲/۲ شدا دەڵێ "ئەگەر دەوڵەت بە سولح داواکانمان قبووڵ نەکات، بە زۆری چەک دەیان ئەستێنین" ...

ئەرتەش. رۆژی۲۵ی سەرماوەزی ۱۳۲۵-۱۶دیسێمبری ۱۹۴۶ی زاین تەواو ساڵێک پاش دامەزراندنی حوکومەتی ئازەربایجان، هاتەوە تەورێز. فیرقەی دیمەکورات بەرێنوێنی سۆڤێت ئاشبەتاڵی کرد. لە ماوەی ۷رۆژدا پتر لە ۱۵ هەزار کەس کوژرا. پیشەوەری و زۆر لە کاربەدەستانی حوکومەتی ئازەربایجان، بەرەو سۆڤێت هەڵاتن.... رۆژی ۱۴ی مانگی سەرماوەزی ۱۳۲۵، ۵ی دیسێمبری ۱۹۲۶ی زاینی ۱۰ کەس لەسەرانی کۆماری کوردستان، بە سەرپەرستی پێشەوا بۆ دامەزراندنی شوورای شەڕ کۆ بوونەوە. پێشەوا و سەدری قازی لایەنگری بەربەرەکانێ وپێشگیری بوون. رۆژی دواترلە مزگەوتی (هەباساغا) لە کۆبوونەوەکی جەماوەریدا، جاریکیتریش پێشەوا و سەدری قازی دژایەتی خۆیان بۆ خۆ بەدەستەوە دان دەر بڕیوە، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە بە تایبەتی مەلاکان دژی شەڕبوون. رۆژی ۲۵ی مانگی سەرماوەز، پێشەوا بە تەلەفوون پێوەندی بەسەر لەشکر (هوومایونی) یەوە گرتوە و لە گەڵ سەرەکوەزیران حاجی بابە شێخ، سەدری قازی، شێخ رەحیمی باجەوەند وچەند کەسیتر لە گەورە پیاوانی کۆمار چونە پێشوازی سەرلەشکر هومایوونی لە شاری (میاندواو) و بۆ شەو هاتوونەتە گوندی (حەمامیان) رۆژی ۲۶ی سەرماوەزیش هەتا گوندی (گوێکتەپە) بە پیر ئەرتەشەوە چوون (کە سەرهەنگ زەرغامی) فەرماندەی بووە!!

دوکتۆرقاسملووده نووسێ "لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەو هەلومەرجە نالەبارەدا بوو، کە قازی محەممەد توشی هەڵەیێکی مێژوویی بوو:

رۆژی ٢٥ی سەر ماوەز چوو بەپیری هومایونییەوە "هەروەها دەنووسێ" رۆژی ٢٦ی سەرماوە ز(١٢ی دێسێمبر) دروست ساڵێک پاش چەک کردنی شارەبانی مهاباد (ئاڵای کوردستان لەو رۆژەدا هەڵکراوە.شارە بانی مهابادمانگی مای١٣٢٢ چە ککرا) لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی هاتەوە و مهاباد و داگیر کردوە و..... رۆژی ٣٠ی سەر ماوەزی ١٣٢٥(٢١ی دیسێمبری١٩٤٦) شاری مهاباد ئارام بوو. هێندێ کەس چەکی وردی وەک دەمانچە وشتی دیکەیان شاردەوە و تفەنگە کانیان تەحویلی لەشکری ئێران داوە و...... هومایونی بەرێوە بەرانی حیزب دێمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانی لە شارەداری کۆ کردوە. داوای ئەو تفەنگانەی دەکرد کە لە یەکێتی سۆڤێت وەرگیرابوون. بەم جۆرە ٢٨ کەس لە بەرێوەبەرانی حیزبی دێمۆکرات وکۆماری کوردستان و لە پێش هەموویاندا پێشەوا قازی محەممەد گیران و......" سەدری قازیش برای قازی و نوێنەری دەورەی ١٤ی مەجلیسی ئێرانیشیان رۆژی ٩ مانگی بە فرانبار ١٣٢٥ی هەتاوی ٣٠ی دیسێمبری ١٩٤٦ی زاینی هێناوە بۆمهاباد و،خەڵکێکی زۆریش پە رە وازە بوون...

لە مانگی بەفرانباری ١٣٢٥–١٩٤٧دا، قازییەکان لە شاری مهاباد لە دادگایێکی نیزامی ناشەرعیدا، بە بێ پارێزەرو بە بەرپرسایەتی سەرهەنگ (بارسی تەبار) و دادستانی سەرهەنگ (فیوزی) دووکەسی بێدەسەڵاتی گوێلەمستی دەربار بە مەرگ مەحکووم کران. دادگای چاو پێدا خشاندنەوەش بە ریاسەتی سەرهەنگ عەتایی و دادستانی سەرهەنگ نیکووزاد، حوکمی ئیعدامەکەیانی تەئیید کردوە. لە ئاکامدا، رۆژی١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی ١٩٤٧/٣/٣٠ی زاینی لە چوارچرای شاری (مهاباد) لە سێدارە داران. هەر لە شاری مهاباد ٤ تێکۆشەر و قارەمانیتری کۆمار: حامیدی مازووچی، عەبدوڵا رەوشەنفکر، رەسووڵ نەغەدەیی ومحەممەدی نازمی، لە دار دران. لە بۆکان عەلی بەگی شێرزاد، لە شاری سەقز ئەحمەدخانی فارووقی (سالار) عەبدولاخانی مەتین (برای سالار) محەممەد خانی دانیشوەر (برای سالار) عەلی خانی فاتیح، حەمەد بەگی بابەخان بەگ، حەسەن خانیکانی نیاز ئەحمەدا خان شەجیعی. (ئەم ٨ کەسە لە ئاغایانی فەیزولا بەگی بوون.) شێخ ئەمینی ئەسعەدی کە سنە زانی، ئاغا سەدیقی ئەسعەدی یازیبلاخی، هەروەها، عەلی ئاغای جەوانمەردی و

ڕەسووڵ ئاغای براشی لە ئاغاکانی گەورکی سەقز لە دار دران. یادی هەموویان بەخێر.

پاش ڕووخانی کۆمار و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی حیزبی دێمۆکرات، ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد لە و بەشەی کوردستان، جاریکیتریش تێهەڵچوونەوە و دەستیان کردەوە بە سیاسەت و خەباتی دژی ڕژیمی کورد کوژی حەمەرەزا. کەی؟ لە کوێ؟ وکێ دەست پێشخەر بووە؟ ڕوون نیە. غەنی بلووریان دەڵێ" ڕۆژی ۱۲/۱۱ساڵی ۱۳۲۶ی هەتاوی من، عەزیز فەرهادی، قادری مەحموودزادە ومحەممەدەی شاپەسەندی بریارماندا حیزبی دێمۆکرات زیندوو کەینەوە" (ساڵی ۱۳۲۷ سەدیقی خاتەمیشیان ڕەگەڵ کەوتوە) پاش ئەوەی حیزبی توودەی ئێران یارمەتییان نادات بۆ بڵاو کردنەوەی نووسراوە یەکی حیزبی) (گۆیا ئیحسانی تەبەری لای وابوە هێشتا زوە بۆ ئەو کارە) مامە غەنی ومحەممەدی شاپەسەندی، دەچن بۆ باشووری کوردستان ولەوێ بە یارمەتی شێخ لەتیف وهاریکاری مەلا حەسەنی قزلجی ومامۆستا زەبیحی ۲ژمارەی گۆڤاری (ڕێگا) دەر دەکەن. گۆڤاری زێگا هەر وەک لە سەر لاپەڕەی یەکەمی نووسراوە، ئۆرگانی (کۆمەڵەی ژیانی کوردە)

کە بە حیزبی ژیانی کوردیش نێو براوە. (وێ دەچێ: جەماعەت نیازیان زیندووکردنەوەی کۆمەڵەی ژ.ک بووبێ نەک زیندووکردنەوەی حیزبی دێمۆکرات، یان دروستکردنی حیزبێکی تازە) ژمارە۱ی گۆڤاری (ڕێگا) لە ئاخری مانگی خەزەڵوەری ساڵی ۱۳۲۷ی هەتاوی ۱۹۴۸ زایینی دەرچوە. مامۆستاتا زەبیحی بە نێوی (بێناو) بە کوردی و مامە غەنی بە نێوی (تەیموور) بە فارسی مەقالەیان تێدانووسیوە.

لە زستانی ۱۳۲۷ی هەتاوی ۱۹۴۹ی زایینیدا مامە غەنی گەڕاوەتەوە بۆ مهاباد و بەدوای بڵاو بوونەوەی گۆڤاری (ڕێگا)دا، وەک مامە غەنی دەڵێ: نزیکەی ۳۰۰ کەسێک لە (مهاباد و میاندواو و بۆکان) و دەروبەر دەگیرێن. عەزیزی یۆسفی و سەدیقی خاتەمی هەر یەک بە ۴ ساڵ وحەسەنی مفتی بە ۶ ساڵ و جەعفەری کەریمی و مستەفای سوڵتانیش، هەر یەکەی بە ۲ ساڵ حەبس مەحکووم دەکرێن، وچەند کەسی تریش بە دوور خستنەوە لە کوردستان (تەبعید) حوکم دراون.

مامە غەنی لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێ "ساڵی ۱۳۲۹ی هەتاوی، پاش ئازاد بوونم لە زیندان وسەربازی، من و ڕەحیمی خەرازی و ڕەحیمی سوڵتانیان، کەریمی ویسی، عەولای ئیسحاقی و عەزیزی حیسامی (کە پاشان دەستی لە کار کێشاوەتەوە) کۆمیتەی بەڕێوەبەری

حیزبـــــی دیمۆکڕاتمـــــان بووژانــــــدەوە و........... ســـــاڵی ١٣٣٠ ئێمـــــە ئـەنـدامانی ڕێبـەرایـەتـی حیزبـی دیمـۆکڕات، هـەسـتمان بـەوە کردبـوو کـە بـۆ هـــەڵســـووڕانی کاروبـــاری سیاســـی و حیزبایـــەتـــی، هێشـــتا کـــاڵو کـــرچ وســاواین و پێویسـتیمان بـــە یارمـــەتـــی هـــەیـــە، بۆیـــەمـــن ورەحیمـــی خـــەڕازی و ڕەحیمـــی ســـوڵتانیان چوینـــە (تـــە وریـــز) بـــۆ لای (فیرقـــەی دیمـــۆکڕاتی ئـــازە ر بایجـــان) داوای هاریکاریمـــان لێکـــردنجوابیـــان نـــە داینـــە وە.بـــە لاّم پـــاش میللـــی کردنـــی شـــیرکەتـــی نـــەوتـــی ئێـــران وهاتنـــە ســـەر کـــاری دوکتـــۆر(موســـەدیق) و کـــوو ســـەرۆک وەزیرانـــی ئێـــران لـــە ١٣٣٠/٢/١٠ی هـــەتـــاوی ١٩٥٢/١/٣٠ی زاینیـــدا و، پـــەیـــدا بـــوونی کـــەشـــو هـــەواییکی لـــە بـــار بـــۆ کـــاری سیاســـی لـــە کوردســـتان وهـــەمـــوو ئێرانـــدا و، نیـــوە خـــۆ ئاشـــکراکردنی حیزبـــی دیمـــۆ کـــڕات و گـــەشـــە و پیشـــرەفتـــی ئێمـــە و بـــەشـــداری کردنمـــان لـــە ڕێپێـــوانی ڕۆژی جیهـــانی کریکارنـــدا ١ی ئـایـــاری ١٣٣٠،حیزبـــی تـــوودە کـــە زانـــی: لـــە نـــاو جـــەمـــاوەردا ئیعتیبـــار و نفوزمـــان زۆرە ،دا وای پێیوە ندی لێکردین!!......

.... یـــەکـــەم جـــاررە حمـــانی قاســـملووی نـــارد بـــۆ مهابـــاد، کـــە تـــازە لـــە چـــەکوســـڵەواکی گڕابـــوە وە. قاســـملوو لـــە کـــۆ بوونـــەوەی کومیتـــەی بـــەڕێـــوەبـــەریـــدا لـــە مـــاڵی ئێمـــە، بـــە شـــداری کـــرد. باســـی پێـــوەنـــدی نێـــوان حیزبی دیمۆکڕات و توودە کرا.

قاسـملوو وتـی "حیزبـی تـوودە پێـی خۆشـە چـی لـە دەسـت بـێ بـۆ ئێـوەی بکـــات. ئێمـــە داوامـــن کـــرد: چاپخانـــە یـــەکمـــان پێبـــدەن. ئـــەگـــەر نـــەکـــرا نووســـراوەکانمان بـــۆ چـــاپ کـــەن. هـــەروەهـــا داواشـــمان کـــرد کادیرێکیشـــمان بـــۆ بنێـــرن. پـــاش گـــەڕانـــەوەی قاســـملووبۆ تـــاران، حیزبـــی تـــوودە موهـــەندیســـێکی بـــەهـــایی شـــیرکەتـــی نـــەوتـــی ئابـــادانی بـــە نێـــوی (ئیحســـانولاّ) بـــۆ نـــاردین. ئیحســـانوڵلا پیـــاوێکی زۆر زانـــابوو. ئـــەو نزیکـــەی ٧ مانگێـــک لای ئێمـــە مـــاوە. ئـــەمجـــارە کـــەســـێکی تریـــان بـــۆ نـــاردین بـــە نـــاوی جـــەوهـــەری، کرێکـــارێکی خـــەڵکـــی ســـنە بـــوو. ئـــەویش مانگێـــک لامـــان مایـــەوە. لـــە کـــوردەکـــانی دانیشـــتووی تـــارانیش جیـــا لـــە قاســـملوو، ســـارمخانی ســـادق وەزیـــری و ســـەدیقـــی ئـــەنجیـــری کارمـــەنـــدی ئیـــدارەی فەرهـــەنگـــیش هاریکاریان دەکردین و......

"ســارم خــانی ســادق وەزیــری دەڵــێ" ســاڵی ١٣٢٦ی هــەتــاوی دوو گــەنــج بــە نــاوەکــانی: ڕەحیمــی خــەرازی و ڕەحیمــی ســوڵتانیان لــە تــاران هاتنــە لام. وتیــان: دەمانهــەوێ حیزبــی دیمــۆکڕاتی کوردســتان زینــدوو کــەینــەوە. داوای ڕێنــوینی وهاریکاریــان لێکــردم. منــیش وتــم: مــن لــە تــاران دەژیــم. لــە کوردستان دوورم وناتوانم کاری تەشکیلاتی بەڕێوە بەرم.

وتیان: ئەوە دەزانین. بەڵام دەمانهەوێ وەعدەمان پێبدەی کە لە باری نەزەری وریکخراوەییەوە یارمەتیمان بدەی. ئێمە جارجارێک بە یەکەوە، یان هەرجارە یەکێکمان دێینە لاتان، موشکیلاتەکانی خۆمانتان بۆباس دەکەین وگوی لە بۆ چوون و رێنوێنییەکانت دەگرین و بۆ هاورێیانی خۆمانی دەگێرینەوە. من قەولم پێدان چیم لە دەست بێ لە یارمەتی و هاریکاری بیکەم. نزیکەی یەک، دوو، حەوتوو، تا مانگێک دواتر هەتنەوە بۆ لام. ئەمجارەیان نامەیەکیان پێ بوو بۆئاستالین کە داوای ئیجازەی زیندوو کردنەوەی حیزبی دیمۆکڕاتیان لێکردبوو. داوایان لە من کرد لە گەڵیان بچمە سەفارەتی سۆڤێت. وتم "من لەوێ کەس ناناسم" (چوونکە ئەوکات سارمخان) ئەندامی حیزبی توودە نەبووە) وتیان "ئێمە خۆمان لەوێ کەسێک دەناسین. پێشتریش دیومانە" لە گەڵیان چومە سەفارەت ونامە کەمان دا بە کابرا. بەڵام پێم وانەبوو ئەو کەسە هیچکارە بێت. پێشم وتن: ئێوە لە داهاتوودا پیوەندی بەو جۆرە کەسانەوە مەگرن و......

سارمخان دەڵێ: "ئەو دووکەسە هەتا ١٥ی مانگی رێبەندانی ١٣٢٧، بە یەکەوە، یان هەر جارە یەکێیان دەهاتنە لام، مەسەلەی نەزەری وریکخراوەیی وشتیتریان لێدە پرسیم، منیش رێنوێنی پێویستم دەکردن. دوای ١٥ رێبەندانی ١٣٢٧ و ماجەڕای تەقە کردنی کەسێک بە ناوی (ناسری فەخرارایی) لە شا، بەهۆی فشاروگرتنی خەڵکێکی زۆرەوە، پێوەندییەکەی ئێمەش پسا. بەڵام پاش ٨–٩ مانگ دووبارە پەیوەندیمان گرتەوە. سەدیقی ئەنجیری ئازەریش پاش هاتنی بۆ تاران لە ٤–١٣٢٥ هاتە لام و بوو بە ئاشنام. ئەویش مەسایلی کوردستانی لە لا باس دەکردم و بیرو بۆ چوونی منیشی لەسەر مەسەلەکان دەویست. بەڵام من قەت ئەو سێ کەسەم بە یەکەوە نەدیت و بە یەکترم نەناساندن. باسی خەرازی و سوڵتانیانم لە لای سەدیق نە دەکرد. کەواتە من لە دوو کاناڵەوە پێوەندیم بە کوردستانەوە هەبوو. پاش بوونیشم بە ئەندامی حیزبی توودە پێوەندیم بەو رەفیقانەوە هەر مابوو "سارمخان دەڵێ" ئەو رەفیقانەی نامەیان بۆ ئاستالین نووسیبوو و، داوای ئیجازەی زیندووکردنەوەی حیزبی دیمۆکڕاتیان لێکردبوو، نیسبەت بە ڕابردووی حیزبی دیمۆکڕات لە باری فکری وشێوەی کارەوە رەخنەیان هەبوو. ئەگەرچی لێکدانەوە وهەڵسەنگاندنە کانیان علمی و دەقیق نەبوون، بەڵکوو زۆرسادە و ساکاریش بوون. بەڵام هەرئەوەی کە بەو ئاکامە گەیشتبوون: کە دەبێ بە چاویکی ڕەخنەگرانەوە بڕواننە رابردوو، کەم و کوورییەکانی دەستنیشان کەن، خۆی کارێکی باش وهەنگاوێکی بەرە وپێش بوو. ئەو گەنجانە خاوەنی یەک بووچوونیشن نەبوون. بەشێکیان لایان وابوو، بەرنامەی حیزبی دیمۆکڕات،

مەسەلەی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی وهەوڵدان بۆ چەسپاندنی عەداڵەتی لە بەرچاو نەگرتوە. تەنها لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و وشیاری میللی حیسابی کردوە. بە بەراوە رد لەگەڵ (فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان) بۆ بردنە سەری رادەی وشیاری زەحمەتکێشان بە تایبەت وەرزێران، کاری نەکردوە. لە باری رێکخراوە ییشەوە کەڵکی لە ئەزموونی عیلمی وە رنەگرتوە. بەرپرسایەتی بە حیسابی خزمایەتی وعەشیرەگەری و دۆستایەتی بووە، نەک لە سەر ئەساسی لیاقەت ولێهاتوویی وئوسول و مەبانییە تەشکیلاتییەکان و....ئەولاوا نە لایان وابوو: لە داهاتوودا دە بێ هێزی سەرەکی حیزب لە زەحمەتکێشانی شار ودێ و وەرزێرانی فەقیر ومام ناوەندی پێک بێت. بە واتەیەکیتر: دەبێ دامەزراندنی سۆسیالیزم ئامانجی نیهایی بێ .. دەستەی دووهەمیان کە کەمینە بوو، لای وابوو: لە بارودۆخی ئەوێ دەمێی کوردستان و ناوچەکەدا، باسی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی پێویست نەبووە. دەبوو تەنێ لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی پێ دابگیرێ و خەباتی بۆ بکرێ. لایەنگرانی فکرە و بۆچوونی یەکەم، ئەو گەنجانە بوون کە جارێ نا جارێک دەهاتنە لام. بەڵام لایەنگری فکرەی دووهەم، کەسێک بووبە ناوی (عەبدوڵڵای ئەیوبی) کە من قەت نەمبینی. بەڵام شێوەی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی ئەوم دەزانی .....

سارمخان دەڵێ". لە ئاخری ساڵی ١٣٣١یدا حیزبی توودە ئیجازەی زیندووکردنەوەی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازوربایجان و حیزبی دێمۆکڕاتی پێدرا. کۆمیتەیەک بەناوی ئازەربایجان و کوردستان پێکهات. (کاک من بەرپرسی بەشی کوردستان بووم و کەسێکیش بە نێوی (هادیخان) بەرپرسی ئازەربایجان. رۆژێک بە دوکتوور (جەودەت) ئەندامی کۆمیتەی ئیجرایی حیزبی توودەم وت "ئێمە بۆ ناردن بۆ کوردستان پێویستیمان بە کادری لێهاتوو هەیە. ئێوە چ کۆمەکێکمان پێدەکەن؟" وتی "ئێمە دووکادرتان دەدەینێ، یەکیان بۆکومیتەی ئەیالەتی کوردستانی حیزب وئەوی تریشیان بۆ بەرپرسی سازمانی جەوانان. ئەو دووکەسانە بریەتین لە: ١- مەنسوور جەوهەری خەلکی سنە، کارگەری کارخانەی چیت سازی تاران و بەرپرسی شاخەی حیزب بێ. ٢ئەحمەدی خەڵکی بیجار کادری سازمانی جەوانان" داوام لێکرد: سەدیقی ئەنجیریش بنێرێ بۆ کوردستان بەڵام موافەقەتی نەکرد. پێشنیاری رەحمانی قاسملووم پێکرد، کە تازە لە چەکوسڵەواکی گەرابووەوە. پاش کە مێک قسەوباس و لێکۆڵینەوە وپێداگری من، موافەقەتی کرد کە رەحمانیش وەک کادری سێهەمی حیزبی توودە و بەرپرسی کۆمیتەی شاری مهاباد بنێردرێ بۆ کوردستان. (کە پاشان بووە بەرپرسی سازمانی جەوانان) ناردنی ئەوکەسانە حودودەن لە

هەوەڵی ساڵی ١٣٣٢دا بوو "دوکتوور قاسملوو خۆیشی دەڵێ "لە بەهاری ساڵی ١٣٣٢ وەوە راستەوخۆ لە تێکۆشانی حیزبدا بەشدارم"

کەریمی حیسامی دەڵێ: "هاوینی١٣٢٦ی هەتاوی ( کۆمەڵەی لاوانی لادێ) پێکهات و... لە (مهاباد)یش چەند لاوی خوێندەواری تێکۆشەر (کۆمەڵەی کومونیستی کوردستانیان دامەزراندبوو (ک.ک.ک) بەڵام ئاماژە بە تاریخی دامەزراندنەکەی ناکات) لە ئۆکتۆبری ١٣٢٧دا رەحیمی سوڵتانیان، یەکێک لە دەمەزرێنەرانی (ک.ک.ک) پێوەندی بە کۆمەلەی لاوانی لادێ وە دەگرێ و،کۆمەڵەی لاوانی لادێ، دەچێتە ناو ک.ک.کوە ..... رەحیمی خەرازی و رەحیمی سوڵتانیان دەچنە باڵوێز خانەی سۆڤیت لە تاران و دامەزراندنی ک.ک.کیان پێ رادەگەیێنن. کابرای سەفارەت دەڵێ: لە وڵاتێکدا ناکرێ ٢ حیزبی کومونیست هەبێ. ئێستا حیزبی توودە هەیە. باش وایە ئێوە هەر بە ناوی حیزبی دێمۆکراتەوە کار بکەن. ئەوانیش لە رێگای سارمخانی سادقوەزیرییەوە پێوەندی بە حیزبی توودەوە دەگرن و وازلە ناوی ک.ک.ک دەهێنن و بە ناوی حیزبی دێمۆکرات، بەڵام لە ڕاستیشدا لە ژێر ڕێبەرایەتی حیزبی توودەدا خەباتی چینایەتی درێژە پێدەدەن و باسی کورد وخودموختاری و زمان و کولتووریشی نابێ بکەن و حیزبی توودەش لە باری ماددی و پەروەردەی کادرو شێوەی کاری نهێنییەوە یار مەتیان بدات......"

حیسامی دەڵێ: "دامەزراندنی کومەڵەی کومونیستی کوردستان لادانە لە رێبازی حیزبی دێمۆکڕات و توند کردنی خەباتی چینایەتییە. لە کاتێکدا کە گەلی کورد بە خری لە ژێر دەستی بێگانەدا دەژی و بەگشتی وەک نەتەوە لە مافی ڕەوای نەتەوایەتی بێبەشە،رەنگە خەباتی چینایەتی ئەوەندە توند وتیژنە بێ کە تارمایی بخاتە سەر خەباتی نیشتمانی ورزگاریخوازی نەتەوەیی "(ئەمە لە کاتێکدایە کە کاک کەریم بە پێی نووسراوەکانی خۆی لە هەموو ژیانیدا خەباتی چینایەتی کردووە وتەنانەت بەر لە ک.ک.ک،لە کۆمەڵەی لاوانی لادێدا بەشداربووەو رازیش بووە بە چوونی کۆمەڵەی لاوانی لادێ بۆ ناو ک.ک.ک و پاش تێکەڵبوونەوەی ئەو دووکۆمەڵەیەش، بەشداری خەباتی دژی دەرەبەگەکانی کردوە!!! لێرەدا دوو پرسیار تێتە پێشێ: ١- کەی؟ ولە کوێ؟ لە کۆمەڵەی کوموونیستی کوردستاندا وترا: خەباتی چینایەتی تارمایی بخاتە سەر خەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتی٢- ئەگەر بە قەولی خۆی: "کۆمەڵی کوردەواریش وەک هەمووکۆمەڵگایێکی دنیا ، خاوەنی چینی جیاوازە و بەرژەوەند و قازانجی ئەوچینانەش دژ بە یەکن و،ژیانیشیان لێک جیاوازە و خەباتی چینایەتیش مافی ڕەوای هەموو زەحمەتکێشانی کوردستانە

"بۆچی سیاسەتەکانی ک.ک.ک ،یان هەر سازمان و ڕێکخراوەیەک کە لە کوردستان خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی لێکداتەوە ناڕەواوە؟!

کاک کەریم، لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێ: ک.ک.ک،ە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی نەتەوەیی ونیشتمانی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە وهیوایەک لە دڵی خەڵکدا پێکدێنێ و.... لە ڕێگای سارم خانی سادقوە زیرییەوە پێوەندی بە حیزبی توودەوە دەگرێ. دەگەنە ئەو بڕیارە کە واز لە ناوی ک.ک.ک بێنێ و لە کوردستان بۆ ڕاکێشانی خەڵکی کورد، سەرزارەکی بە ناوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ولە ڕاستیشدا لەژێر ڕێبەرایەتی و ڕێنوێنی حیزبی توودەدا وەک ڕێکخراوی حیزبی توودە درێژە بە خەبات دەدات. دیارە مەرجێکیش ئەوە دەبێ کە باسی مەسەلەی نەتەوایەتی و زمان وکولتووری کورد و تەنانەت خودموختاریش نەهێنێتە گۆڕێ. خەباتی چینایەتی لە کوردستان بەڕێوە بەرێ و حیزبی توودەش لە باری ماددی ولە بواری پەروەردەی کادر وفێرکردنی خەباتی نهێنیدا یارمەتی بدات" کاک کەریم دەنووسێ: کومیتەی سەرکردایەتی ک.ک.ک: ڕەحیمی خەرازی، ڕەحیمی سوڵتانیان، غەنی بلووریان، عەزیزی حیسامی (ئەمەیان لەبەر ناکۆکی لە گەڵ غەنی بلووریان دەستی لە کار کێشاوەتەوە) کەریمی وەیسی، عەبدوڵای ئیسحاقی بێ کۆنفەرانس و کۆنگرە و هەڵبژاردن بە ناوی کومیتەی کوردستان تێکۆشان بەڕێوە دەبەن. لە تاران سارمخانی سادق وەزیری ئەندامی چالاکی حیزبی توودە دەبێتە بەرپرسی کومیتەی کوردستان و..."

ئەوی ڕاستی بێ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان،هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ١٣٢٤/٨/١هەتاوی ١٩٤٥/١٠/٢٣ی زایینی وهەتا کۆنفەرانسی سێهەمی لە مانگی خەر مانانی١٣٥٠ی هەتاوی ١٩٧١/٨/٢٣ی زایینی وبگرە هەتا ئەو دواییانەش، زۆرتر لە بەرە یەکی فرەفکری وبیرو بۆچوونی ڕانەگەیەندراو دەچێت. هەتا حیزبێکی یەکدەستی خاوەن سیاسەت و ستراتیژییەکی یەکگرتووی دیاری کراو.. تەنانەت بۆ ماوەی پتر لە ٣٠ساڵان تەنها حیزب وڕێکخراوەی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات و تاقانە مەکتەبی کوردایەتی و خەباتی دژی ڕێژیم بوو بۆ هەموو کەس و تاقمێکی ئازادیخواز ولایەنگری دمۆکراسی و ڕزگاری گەلی کورد لەڕاست و چەپ. ئەو تەنەووع و جیاوازییە فکرییە، زۆر جارانیش سەری کێشاوە بۆ ناتەبایی وپێکەوە نەحەوانەوەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و هێندێک جار لە بەر یەکترازان وجیابوونەوە شیان.

دوای گـــۆدەتـــای ٢٨ی گـــەلاویـــژی ١٣٣٢ی هـــەتـــاوی، عـــەولای ئیســـحاقی ئـــەنـــدامی کـــارا و هـــەڵســـووراوی حیـــزب دەگیـــرێ وبـــە ٢ مانـــگ زینـــدان مـــەحکـــووم دەبـــێ. ڕەحیمـــی ســـوڵتانییان و کـــەریمـــی وەیســـی دەس لـــە کـــاری حیزبایـــەتـــی هـــەڵـــدەگـرن. غـــەنـــی بلووریـــان، عـــەزیـــز یوسفی، هاشـــم ئـــەقـــەلـــو تـــوللاب (قـــادر شـــەریـــف) ســـەدیقـــی خاتـــەمـــی. محـــەممـــەدی ڕاتیبـــی وچـــەنـــد کـــەســـیـتـــریش دەچنـــە ناوچـــەی مـــەنگـــوران و بـــەقاچـــاغی دەژیـــن. عـــەولای ئیســـحاقیش پـــاش ئـــازادبوونی دەچـــی بۆمـــەنگـــوڕان. مامـــەغـــەنـــی ومحـــەمـــەدی ڕاتیبـــی پـــاییزی ١٣٣٢ ی هـــەتاوی دەچـــن بـــۆ باشـــووری کوردســـتان بـــۆ کـــۆ کردنـــەوەی یارمـــەتـــی دەڵـــێن: ٢٠ هـــەزار تمـــەنیـــان کۆکردۆتـــەوە. پـــارەکـــەیـــان بـــە ئـــەسعەدی خـــودا یاریـــدا (کـــە ئـــەو کـــات لـــە گـــەرمـــێن دەژیـــا) ناردۆتـــەوە بـــۆ عـــەولای ئیسحـــاقی لـــە مـــەنگـــوران. ئیسحـــاقی نامـــەیـــەکیـــان بـــە ئـــەســـعـەد دا بـــۆ دەنێـــری و داوایـــان لـــێ دەکـــات بگەڕێنـــەوە بـــۆ وڵات. چونکـــە بـــە نیـــازن ڕۆژنامـــەی کوردســـتان دەرکـــەن. غـــەنـــی بلووریـــان بـــەتـــەنـــێ دەگەڕێتـــەوە بـــۆ وڵات ودەچێتـــە تـــەورێـــز. (ئـــەوکـــات قاســـملوو وعـــەزیـــزی یۆســـفیش لـــە تـــەورێـــز دەژیـــان.) ســـەدیقی ئـــەنجیـــریش لـــە تارانـــەوە دێتـــە لایـــان. لـــە ســـەرەتـــای ســـاڵی ١٣٣٣ی هـــە تـــاوی دا بـــە یارمـــەتـــی فیرقـــەی دێمـــەکـــورات ٥ ژمـــارەی ڕۆژنامـــەی کوردســـتان دەردەکـــەن. عـــەزیـــزی یۆســـفی پـــاش ژمـــارە ٢ دەگیـــرێ و بـــە ســـاڵێک زینـــدان مـــەحکـــووم دەکـــرێ. قاســـملووو، ســـەدیقی ئەنجیری ئازەریش دەچنەوە بۆ تاران.

بـــەهـــاری ١٣٣٤ی ە ،غـــەنـــی بلووریـــان، عـــەو لای ئیسحاقی،ســـولەیمـــان مـــوعینی، قـــادر شـــەریـــف، ئـــەســـحەدی خودایـــاری، قاســـملوو، محـــەممـــە دی ڕاتیبـــی و ســـەدیقـــی ئـــەنجیـــری ئـــازەر، لـــە تـــاران کـــۆ دەبنـــەوە و، بڕیـــار دەدەن پێـــوەنـــدی بـــە حیزبـــی تـــوودە وە بپســـێنن ونامـــەیـــەکـــی ڕەخنـــە ئـــامێزیش لـــە حیزبـــی تـــوودە، بنێـــرن بـــۆ حیزبـــی کومونیســـتی شـــووڕەوی و نوســـخەیەکیشـــی بـــدەن بـــەکومیتـــەی دەرەوەی حیزبـــی تـــوودە. غـــەنـــی بلووریـــان دەڵـــێ "ڕەحمـــانی قاســـملوو مـــەســـەلەکـــەی لـــە لای (کـــە یـــاننووری) بـــاس کـــردوە" ئـــەوکات،ئیســـحاقی بـــەرپرســـی (ســـنە) بـــووە و لـــەوێ ژیـــاوە. غـــەنـــی بلووریـــان لـــەمـــەنگـــوڕان بـــووە. پاشـــان بـــەپێـــی بڕیارێـــک کـــە لـــە کـــۆ بوونـــەوەی گونـــدی (بێهـــە نگـــوێن)ی مـــەنگـــوڕان دەدرێ، عـــەولا ئیســـحاقی دەگـــەڕێتـــەوە بـــۆ مـــەنگـــووڕان وغـــەنـــیش لـــە پووشـــپەڕی ١٣٣٤دا دەچێتـــە شـــاری ســـنە لـــە جێگـــای عـــەولای ئیســـحاقی. غـــەنـــی بلووریـــان پـــاش مـــاوەیـــەک کـــار لـــە وێ، شـــەوێـــک کاتێـــک لـــە مـــاڵی ڕەحمـــەتـــی شـــەریعەتـــی (ئـــەنـــدامی هـــەلســـووراوی حیـــزب) دێتـــە دەرێ دەکـــەوێتـــە داوی مـــەئمـــوورانی دەوڵـــەت و دەیگـــرن. ســـەرەنجـــام بـــە ٣ ســـاڵ زینـــدان مـــەحکـــووم دەکـــرێ ولـــە ڕەزبـــەری ١٣٣٧ ی هە تاوی ئازاد دەبێ.

بەهاری ساڵی ١٣٣٤ لە گوندی (کەوتەر)ی ناوچەی مەنگوڕان، عەزیزی یۆسفی، (تازە لە زیندان ئازادبوە) عەوڵای ئیسحاقی، عەوڵا عیزەتپوور، قادر شەریف، ئەسعەدی خودایاری، رەحمانی قاسملوو، و چەند کەسیتر لە کۆبوونەوە یەکدا (کە حیزبی دێمەکورات بە کۆنفەرانسی یەکەمی حیزبی ناو دەبات) جارێکی تریش لە سەر پساندنی پێوەندی بە حیزبی توودە وە بە تایبەت تەشکیلاتی ناوەوەی پێدادەگرن و بڕیار دەدەن ئیتر حیزب چیدی وەک شاخەی کوردستانی حیزبی توودە خەبات نەکات. عەزیزی یۆسفی نامیلکەیەک لە سەر حیزبی توودە و رەخنە لە سیاسەت وهەلوێستەکانی ساڵی ١٣٣٢ی دەنووسێ، وبڕیاریش دەدەن: قاسملوو لە گەڵ عەوڵای ئیسحاقی بچن بۆ ئەورووپا بۆ بەشداریکردن لە فستیواڵی لاوان لە (مەسکەو) عەوڵا وەک بەرپرس وقاسملووش وەک جێگر، هەر لەوێش قاسملوو نەمەکان بتات بە حیزبی کومونیستی سۆڤێت و کومیتەی دەرەوەی حیزبی توودە (قاسملوو ١٣٣٤چووە بۆ ئورووپا) غەنی بلووریان دەڵێ: "قاسملوو لە بەغدا نامەکانی داوە بە ڕادمەنیش".

لە پووشپەری ساڵی ١٣٣٦دا ئیسحاقیش لە باشووری کوردستانەوە بەرێگای شامدا چۆتە پڕاگ، پێش ئەوەی بگاتە (مەسکەو) لە گەڵ قاسملوو نێوانیان تێکدەچێ و بەتووڕەیی دەگەرێتەوە بۆ کوردستان. لە ١٣٣٦دا قاسملووش لە سەر راسپاردەی حیزبی توودە، دەگەڕێتە وە بۆ ئێران و لەگەڵ رەحمەتی شەریعەت و عەزیزی یۆسفی بە نێوی کومیتە مەرکەزی و دەکتوور عەلی مەولەویش وەک جێگر، کار دەکات. غەنی بلووریان دەڵێ "هەر چەند قاسملوو بەڵێنی دابوو: کە پێوەندی بە حیزبی توودەوە بپسێنێ، بەلام تەشکیلاتی دەرەوەی توودە پێیان وتبوو: نەهێڵێ نێوانی حیزبی توودە ودێمۆکڕات تێکچێت. رایان ئەسپاردبوو: پێوەندی بە ئەرسەلانی پوریاوە بگرێ (ئەرسەلان پێشتر ئەندامی کومیتەی ئەیالەتی حیزبی توودە بووە. بەلام ئەوکات ببوو بە ساواکی وداردەستی تەیموری بەختیار رەئیسی ساواک، وسەرهەنگ زیبایی جەلاد. بەلام تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی توودە لەو ماجەرایە بێخەبەر بووە .......

............ قاسملوو پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران، پێوەندی بە (ئەرسەلان)ی پووریاوە دەگری. ئەرسەلان دەڵێ: بچۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی حیزبی توودە دابکە.! قاسملووده لێی "چاوەڕوانی عەزیزی یۆسفیم کە یەکێکە لە بەرپرسانی حیزبی دیمۆکڕات لە مهابادە وەبێت پاش چەند رۆژ کە عەزیز هەر نایات، قاسملوو، سمایلی ئامۆزای خۆی بە نێوی عەزیزی یۆسفی دەباتە کۆبوونە وەی حیزبی توودە

(سەرهەنگ زیبایی بەنێوی سالاری و بەرپرسی حیزبی توودە لە کۆبوونەوەکەدا بووە.) هەردووکییان دەکەونە داوی ساواکەوە و دەگیرێن وپاش چەند رۆژ بە وەعدی هاوکاری ئازاد دەکرێن و رووداوەکە بۆ حیزبی توودە دەگێڕنەوە. وای بە باش دەزانن: کە هەر دووکیان بچنە دەرێ. سمایل خێزانی قاسملوو لە رێگای بانەوە دەبات بۆ کوردستانی باشوور، قاسملووش لە رێگای شنۆوە بە یارمەتی زەر زاکانی خزمی دەچێتە عیراق و لە وێوە لە گەڵ خێزانی دەچنەوە چەکوسڵەواکی و درێژە بە خوێندنەکەی دەدات. سمیالشی لە عێراق بەجێ دەهێڵن. ئەویش لە سەر بڕیاری عەولای ئیسحاقی دەبێتە کادری حیزب لە ناوچەی بانە..."

مامە غەنی دەڵێ "چونکە قاسملوو لە کۆبوونەوەکەدا باسی عەزیزی یۆسفی کردبوو، عەزیز دەکەویتە ژێر چاوەدێری روکنی ٢و لە ترسی گرتن دەچێتە کەرەج و لە بایەگانی زانکۆی کەشاوەرزی دادەمەزرێت" بە قسەی غنی بلووریان: کاتی خۆی ئیسحاقی و عەزیزی یۆسفی لە سەر بەرنامەی حیزبی دێمۆکڕت هێندێک ناکۆک بوون، پاش گۆ دەتای ١٤ی تەمووزی کەریم قاسم، عەزیزی یۆسفی دەیهەوێ بچێت بۆ باشوور و لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا باسی لە سەربکەن، لە رێگادا لە پاسگای (بالانیش)ی نێوان ورمێ ومهاباد، بە نووسراوەکەوە دەگیرێ لە بازجوییدا دەڵێ: ئەو نووسراوە یەم لە عەولای ئیسحاقی وەرگرتوە و بڕیاربوو لە ورمێ بیدەم بە حەسەن ناوێک بەڵام نەم بینی. (مەبەستی لە حەسەن ناو، سمایلی قاسملووبوە.) .........

.... سمایلی قاسملوو ٧ی ڕەشەمەی ١٣٣٧ لە گوندی نێزەرۆی بانە دەگیرێ. سمایل باسی زۆر کەسی کردبوو. هەر ئەویش و تبووی: "ئەسعەدی خودایاری ئەندامی کومیتەی بڵباسی حیزبی دێۆکوڕاتە. "(کومیتەی بڵباس ئەو کومیتەیە بوو کە بەسەر پەرستی قادر شەریف (هاشمی ئەقەلوتولاب) کارو باری ناوچەکانی بەرێوە دەبرد) ئەوە لە کاتێکدا بووە کە ئەسعەدی خودایاری لە سەر ئیزنی عەولای ئیسحاقی بەڵێنی هاوکاری بە ساواک دابوو.

جەلیلی گادانی ٢٥ی مانگی گەلاوێژی ١٣٣٨ لە گوندی (گوێکتەپە)ی نزیک میاندوا گیرا. هاشمی جەلالی لە هەوشارگیرا. رەحمەتی شەریعەتی و دوکتۆر عەلی مەولەویشی لە تاران دەستگیر کران. (کە پەیوە ندیان بە کومیتەی مهابادەوە بە بەرپرسایەتی هاشمی حسەینزادە و یۆسفی ریزوانییەوە هەبوو) هاشم وریزوانی لە ترسی گرتن بە یارمەتی و رێنوێنی ئەسعەد دەچنە بۆ گەرمێن و........"

(هەمووی نەقڵ بە مانایە) پاش ئەم رووداوانە، تەشکیلاتی حیزبی

دیمـــۆکـــڕات لـــه ١١ی خـــەزه ڵـــوەری ١٣٣٨دا کـــەوتـــه بـــەر هێرشـــی ســـاواک ونزیکـــەی ٢٠٠ کـــەس گیـــران وجـــەماعـــه تێکـــی ١٨٠ کـــەســـیش روویـــان کـــرده گـــەرمـــین. بـــەشـــی زۆریـــان چوونـــه شـــاری ســـولەیمـــانی و لـــەوێ لـــه ســـەر چنـــار لـــه خانوویەکـــدا بـــەنێـــوی کۆمـــۆنی ســـولەیمـــانی و لـــه ژێـــر چـــاودیری کومیتەیـــەکی کاتیـــدا کـــه پێکهـــاتبوو لـــه ئـــەحمـــەد تۆفیـــق، قاســـمی ســـوڵتانی، هاشـــمی حوســـەیـــنزاده و مـــەلـــه بـــاقی بـــه ســـەرپـــەرســـتی کـــاک ئـــەحمـــەد تۆفیـــق، دەژیـــان. (ئـــەم نـــاوو پاشـــناوەی ئـــەحمـــەد تۆفیـــق، لـــه ئـــەســـڵدا نـــاو و نـــاوی بـــاوکی میرزائـــەحمـــەدی نەزهـــەتـــزادەی کـــوڕی میـــرزا تۆفیـــق ئـــەنـــدامی کـــۆنی حیزبـــی دیمـــۆکـــڕات و دانیشـــتووی ئێســـتای گونـــدی دزەی مـــەرگـــەوەڕه. کـــه پێشـــتر لـــه گـــەرمـــێن و لـــه شـــاری (هـــەولێـــر) ژیـــاوه و جینســـییه ئـــەوێ هـــەبـــووه (عـــەوڵای ئیســـحاقی) کاتێـــک چۆتـــه گـــەرمـــێن کـــەڵکی لـــێ وەرگرتوون.)

ئـــەو ســـەر دەمانـــه، رێبـــەرایـــەتـــی حیـــزب ئـــاڵوگۆڕی بـــەســـەر داهـــاتبوو. رەحیمـــی ســـوڵتانیان و کـــەریمـــی وەیســـی پـــاش گـــۆ دەتـــای ٢٥ی گـــەلاوێـــژی ١٣٣٢، دەســـتیان لـــه کـــاری سیاســـی کیشـــابوەوه. عـــەزیـــزی یۆســـفی وغـــەنـــی بلووریـــان لـــه زیندانـــدا بـــوون. ئـــەحمـــەد تۆفیـــق و رەحمـــەتـــی شـــەریعـــەتـــی کومیتـــەی بـــەڕیـــوەبـــەر و دوکتـــۆر مـــەولـــەویـــش موشـــاویر (ئـــەودەم، کومیتـــەی بـــەڕیـــوەبـــەر، لـــه کـــۆنگره و کۆنفـــەرانســـدا هـــەڵ نـــەدەبژیـــردران، بـــه ڵکـــوو بـــه بپێـــی پێویســـت دیـــاری دەکـــران) ئـــەو کـــات عـــەوڵا عیـــزەتپـــوور، قـــادر شـــەریـــف، ئـــەســـعەدی خودایـــاری و چـــەنـــد کـــەســـیتـــر کومیتـــەی بڵبـــاس بـــوون کـــه لـــه کـــۆ بوونـــەوەی کومیتـــەی بـــەڕێـــوەبـــەریشـــدا بـــەشـــداریان کـــردوه. ئـــەحمـــەد لـــه باشـــووربوو. ئـــەســـعەد و دکتـــۆر مـــەولـــەویـــش لـــه تـــاران دەژیـــان. قـــادر شـــەریـــف، جـــەلیلـــی گـــادانی، عـــەوڵا عیـــزەتپـــوورو ســـمایلی قاســـملوو ... لـــه دێهاتەکان به قاچاغی دەسوورانەوه و کاری حیزبییان دەکرد ....

پـــاش گـــۆدەتـــای کـــەریـــم قاســـم١٤ی تـــەمـــووزی ١٩٥٨ی زاینـــی٢٤ پووشـــپەڕی١٣٣٧ی هـــەتـــاوی مـــەلا مســـتەفـــای بـــارزانی پـــاش ١٢ ســـاڵ دووری لـــه کوردســـتان، لـــه ڕێگـــای گـــەڕانـــەوەیدا بـــۆ وڵات، چـــەنـــد رۆژ لـــه چـــەکوســـلۆواکـــی دەمێنێتـــەوه. غـــەنـــی بلووریـــان دەڵـــێ: "ڕەحمـــانی قاســـملوو لـــەوێ ده چێتـــه لای بـــارزانی و خـــۆی وەک ئـــەنـــدامی حیـــزب بـــه بـــارزانی دەناســـێنێ و عـــەزیـــزی یۆســـفی، ئـــەحمـــەد تۆفیـــق ورەحمـــەتـــی شـــەریعـــەتـــیش وەک کۆمیتـــه نـــاوەنـــدی نـــاو دەبـــات. پـــاش گـــەڕانـــەوەی بـــارزانی بـــۆعێڕاق، قاســـملوش دێتـــەوه عێـــڕاق و لـــه زانکـــۆی ئـــەدەبیـــاتی کـــوردی دەرس دەڵێتـــەوه. خێزانیشـــی لـــه ئیـــدارەی ئیســـکان لای نـــووری شـــاوەیـــس دادەمـــەزرێ" کـــەریمـــی حیســـامی دەڵـــێ: "ئـــەحمـــەد تۆفیـــق لـــه بـــەغـــدا خـــانوێکی بـــەکـــرێ گرتبـــوو. قـــادر شـــەریـــف، مـــەلا بـــاقی، قاســـمی ســـوڵتانیان، عـــەزیـــزی

فەلاحی ومن کەرمی حیسامی لەوێدا دەژیاین. (ئەوکات کەریمی حیسامی نێوی خۆی نابوو سالح تۆفیق) قاسملووش جارجار دەهاتە لامان. لە کۆ بوونەوەیەکدا رەخنەی توندی لەو بەیاننامەیەی ئەحمەد گرت، کە بە بۆنەی شۆرشی ١٤ تەمووزەوە نووسیبووی. ئەحمەد لە جوابدا وتی:"من رەحمانی قاسملوو بە حیزبی ناناسم. ئەو ئەندامی حیزبی توودەیە و دەیهەوێ: حیزب بەرێتەوە ژێر دەستی حیزبی توودە. جگەلەوەش قاسملوو لە تاران گیراوە و مەشکووکە". ئیتر قاسملوو تەرکی هاتو چۆی لای ئێمەی کرد. زۆرتر دەچوە لای هەمزە عەبدولا و نژادی ئەحمەد عەزیز " (ئەو کات بارزانی هەمزە عەبدولای لە سکرتێرییەتی پارتیوە لانابوو. مامۆستا برایم ئەحمەد ببووە سکرتێری پارتی).

کەریمی حیسامی لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ: .... ". شەوی ١٣٣٨/١٠/٦ من، قاسملوو، قاسمی سولتانیان، عەزیزی فەلاحی، حەمە حاجی سەعید و مەلا باقی، جوینەلای بارزانی. لەوێ قاسملوو وتی: بریارە لەولاتەوە هێندیک کەس بێن بۆ لامان. هەتا هاتنی ئەوان کەس بەرپرسی حیزب نییە. ئەحمەدیش لە ولات کاری بۆ دیاری کراوە. بەلام ناچێتەوە. ئەحمەد لە جوابدا وتی: من رەحمان بەحیزبی نازانم. ئەو ئەندامی حیزبی توودەیە و لە گەڵ کەریمی حیسامی هەمیشە لە لای هەمزە عەبدولا و نژاد ئەحمەد عەزیزن. حەمەی حاجی سەعید و عەزیزی فەلاحیش حیزبی‌نین. مەلا مستەفا کە ناوی هەمزە عەبدولا ونژادی بیست، تووڕە بوو. وتی: من تەنها ئەحمەد تۆفیق وەک نوێنەری حیزب دەناسم. ئەگەر ئیعلامییەش لە دژی ئەحمەد بنووسن بە خائینتان دەزانم و لە عێراقتان دەر دەکەم "چوشینە لای مامۆستا برایم ئەحمەد. ئەویش هەرقسەکانی بارزانی کرد. و...."

...... حیسامی لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ "قاسملوو، سەفەرێکی لای سولەیمانیشی کردبوو هەتا جەماعەتی کۆمۆنی سولەیمانی ببینێ. بەلام ئەحمەد تۆفیق وەهای جەماعەت لە قاسملوو هاندابوو،ئەگەر حیزبی شیوعی فریای نەکەو تبان، لەوانە بوو بیکوژن و..... پاش ئەو رووداوە لە لایەن کۆمۆنی سولەیمانییەوە، کومیتەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوکێشەیە پێکدێ. یۆسفی ریزاوانیی عەولای عزەت پوور، لە لایەن قاسملووە. هاشمی حسەینزادە و قاسمی سولتانیانیش لە لایەن ئەحمەد تۆفیقەوە. وەک دەڵێن: پاشان کاک رەشید خانی کیوە رۆشیان رەگەڵکەوتوە و چوون بۆ بەغدا، بەلام ئەم هەیئە تەش نەیتوانیبوو: کێشەی نێوان قاسملوو ئەحمەد چارەکەن. سەرە نجام لە ژێر فشاری زۆری حوکومەتی عێراق و پارتیدا، من و قاسموو لە عێراق دەرکراین.

قسملوو ١ى مارسى ١٩٦٠ گەڕاوە بۆ چەكوسڵەواكى و منيش٣٠ مارس چووم بۆ پڕاك و......."

لە سەرەتاى هەڵاييسانى شۆرشى ئەيلوولەوە، ئەحمەد تۆفيق بەهۆى پشتيوانى بارزانى و جالاكى وژيرى و هەڵسووراوى تايبەت بەخۆى و پيداگرتنى لە سەر مەسەلەى نەتەوايەتى و دژايەتى كردنى لە گەڵ هەر چەشنە بيرو بۆچوونێكى چەپ وكوموونيستى، لە كردەوەدا ببوە دەمڕاست وهەڵسووڕێنەر و بريارەدەرى حيزبى و توانى خزمرتێكى باش و برر چاويش بە بارزانى و شۆرشى باشوور بكات. ئەوبوو توانى بۆ يەكەم جار لە بيرووتەوە بە دزى (دانا سميس) رۆژنامە نووسى ناودارى ئەمريكى هێنا كوردستان) هەر ئەويش نامەى بارزانى بە قاچاغى بردە سەفارەتەكانى ئينگليس، سۆڤێت، چين، فەڕانسە و ئامريكا لە (تاران) كاك ئە حمەد ئەوەندەى ئازا وچاو نەترس، هەلسووڕاو كار لە دەست هاتوو، نەتەوە پەرست ولاتپارێز بوو، ئەوەندەش سەرەرۆ، كە للەرەق ونەحەواوە بوو. لە گەڵ كەس هەڵى نەدەكرد. هەر دەستە و تاقمێك لە رووناكبيران و تيكۆشەرانى كوردى رۆژهەلات، كە بە دنيايەك هيوا و ئاواتەوە روويان دەكردە باشوور و دەچوونەلاى حيزبى ديمۆكڕات و،بە نيازى كوردايەتى وبەشدارى لە شۆرشدا وخزمەت بە نەتەوەكەيان بوون، پاش ماوەيەكى كەم لە گەڵ كاك ئەحمەد تووشى قرە و ناكۆكى دەهاتن و.. كاك سەعيد كويستانى، كە ئەو كات و هەتا ئێستاش لە كادرو ئەندامە وەفادار و هەڵسووڕاوەكانى ناو حيزبە و دەورانێك ئەندامى ناوەندى وبەرپرسايەتى بالاى لە ناو حيزبدا هەبووە. لە بيرە وەرييە كانيدا نووسيويەتى" حيزبى ديمۆكڕات ئەو كات هەر بەنێو مابوو. نە تەشكيلاتى هەبوو. نەكوميتەى ناوەندى، نە بلاو كراوە و نە نووسين. وەك حيزبێكى هەڵسووراو هيچ ئاسارێكى ديار نەبوو. شۆرشى باشوور هەليكى باشى رخساندبوو كە ئێمە بتوانين هەنگاوێك بۆ بووژانەوە هەڵبينێنەوە. دەبوو هەمووشتێك لە نووكەوە دەست پێبكرێتەوە. ئێمە ئەو چەند كەسەى خوارەوە بووين كە دەمانويست: حيزبى ديمۆوڕات وەخۆ خەين و هەرە كەتێكى پێبدەين.

كۆبوونەوەيەكمان پێكهێنا لە شارى (كۆيە) لەو كۆبوونەوەيەدا كاك ئەحمەد، سولەيمانى موعينى، سەلاحى موهتەدى، محەممەدى ئێلخانيزادە و من سەعيد كاوە بەشدار بووين. هێندێك كارو بار لە نێوان ئەو ٥ كەسەدا بەشكرا. هەرچەند ئەو كۆبوونەوەيە لەمەڕ ئۆرگانييەوە باسى لێنەكراو روون نەبوو بەلام بەكردەوە چ لەمەڕ ديارى كردنى نەخشى داهاتوو، چ لەمەڕ دابەشكردنى كار لە ناوچەكاندا، چ لەمەڕ ديارى كردنى كارى پێشمەرگايەتى،

کۆبوونـــەوەی بـــەڕێـــوەبـــەرایـــەتـــی کـــاتی حیزبـــی بـــوو. لـــە بـــەر ئـــەوەی ســـەرەتـــای شـــۆرش بـــوو، حیـــزب تـــازە دەهـــات خـــۆی بگرێتـــەوە و دەســـت بەکار بێ، بڕیاراتی پتر بۆ کۆبوونەیەکی بەرینتر هەڵگیرا...

.... کـــاک ســـەعیـــد دەڵـــێ "حیـــزب ئـــەو کـــات ۱٤-۱٥ پێشـــمەرگـــە یـــەکـــی هـــەبـــوو. دیـــاربوو: کـــاوە، واتـــە محـــەممـــەدی ئیلخـــانیزادە وەک مـــەســـئوولی بـــەشـــی پێشـــمەرگـــە دیـــاری کرابـــوو. لـــەو کۆبوونـــەوەیـــەشـــدا تـــەئیید کرایـــەوە: ســـولەیمانی مـــوعینی بەشـــێکی لای بانـــەو گـــەورک و مـــەنگـــور ومـــەهابـــادی بۆدیـــاری کـــرا. بـــۆ ســـەلاحـــەدینـــی موهتـــەدی، لای بۆکـــان و ســـەقـــز و هـــەوشـــار. بـــۆمنیش ناوچـــەی لاجـــان وشـــنۆ و ســـندووس دیـــاری کـــرا. ئـــەگـــەرکـــرا ســـەرێکـــی دەشـــتە بێلـــیش بـــدەم. ئـــەحمـــەد تۆفیـــق بـــۆ بـــەشـــی پێـــوەنـــدی نێـــوان حیـــزب و شـــۆرش دیـــاری کـــرا و.... لـــە ســـاڵی ٤٢ هـــە ۱۹٦۳ لـــە ســـەر داخـــوازی ئـــەحمـــەد تۆفیـــق کۆبوونـــەوە یـــەکمـــان لـــە گـــونـــدی (ئـــالانێ) پێـــک هێنـــا. بـــەشـــدارانی ئـــەو جـــاری کـــۆ بوونـــەوە بریـــەتـــی بـــوون لـــە حـــەوت کـــەس. جگـــەلـــە کـــاک ئـــە حمـــە د و کـــاک فـــایق ومـــن، ئـــاوا نـــی تـــر نـــوێ بـــوون.هـــە والێـــک لـــە ســـەلاحـــەدینـــی موهتـــەدی و محـــەممـــەدی ئێلخـــانیزادە نـــەبـــوو. وادیـــار بـــوو لـــە نێـــوان ئـــەوان و ئـــەحمـــەدا ساردی و ســـڕی پێـــکهـــاتبوو. بـــەلام ئـــــەحمـــــەد تۆفیـــــق باســـــێکی لـــــە نـــــاکۆکی نـــــەکرد وتـــــی "کارێکیـــــان پـــــێ ئـــەســـپێردراوە بـــزانین پێیـــان دەکـــرێ بیکـــەن. یـــان کـــاری سیاســـیان پێنـــاکرێ" لـــە کـــاک فـــایقم پرســـی: بـــۆچی مستـــەفـــا (ســـەلاحـــی موهتـــە دی)و کـــاوە( محـــەمـــەد ئێلخـــانیزادە) نـــەهـــاتوون؟ ولامـــی داوە و گـــوتی: لـــە گـــەڵ ئـــەحمـــەد نیوانیان ساردە. تکایە جارێ باسی مەکە بزانین چی لێ دێتەوە".

دوایـــی بـــۆم دەر کـــەوت: کـــە نـــەک هـــەر لـــە گـــەڵ یـــەک نـــەمـــاون، بـــەڵکـــوو دژایـــەتـــی یـــەکتـــریش دەکـــەن. دوایـــی بـــۆم دەرکـــەوت، ئـــەحمـــەد بۆیـــە بـــاس و غـــەیبـــەتـــی ســـەلاحـــەدیـــن ناکـــات، دەیویســـت بزانـــێ، نزیکـــی و دووری ئـــەوان لـــە گـــەڵ بـــارزانی بـــەکـــوێ دەگـــا، کاتێـــک ئـــەحمـــەد بـــەوە گـــەیشـــت کـــە نـــاتوانن نـــەزەری بـــارزانی بـــۆلای خۆیـــان راکێشـــن بـــۆی لـــە ســـیمی ئـــاخردان. ئـــەوەی کە نەدە بوو لە راست کاوە و مستەفادا بیکا و بیلێ، کردی... "

... کۆبوونـــەوەکـــەمـــان پێکهـــات لـــەو ۷ کـــەســـەی خـــوارەوە: کـــاک عـــەبـــدولای ئیســـحاقی، کـــاک ســـولەیمـــانی مـــوعینی، کـــاک حـــەســـەنـــی رســـتگار، مـــەلا بـــاقی، کـــاک عومـــەر نگڵـــی، مـــەلا ســـەیـــد رەشـــید و نووســـەر. بڕیـــار درا لـــەوە بـــەو لاوە بـــە نێـــوی کومیتـــەی بـــەرێـــوە بـــەری کـــاتی حیزبـــی دێمـــۆکراتی کوردســـتان، کـــار بکـــەیـــن. بـــەریـــوە بـــەری حیزێبـــک بـــێ پرۆگـــرام. پرۆگـــرام و پـــەیـــرە و مـــان نـــەبـــوو. پێشـــتر بروشـــورێکی دوولاپـــەرە و نیومـــان بـــوو بـــە نێـــوی پرۆگـــرام. ئـــەویـــش لـــە گۆڕیـــدا نـــەمـــابوو.بـــۆ نـــوێ کردنـــەوەی ئـــەو بروشـــورەش ئەحمـــەد تۆفیـــق بـــە تونـــدی مخـــالف بـــوو. لـــەو کۆبوونـــەوەیـــەدا بڕیـــاری دەرکردنـــی بـــلاو کـــەرەوەیـــەکمـــاندا بـــەومـــەرجـــە: شـــتی سیاســـی وەک

مەقالە و.. تێدا نە نووسین وتەنەها وەک خەبەر نامە هەواڵی تیدا بلاو بکریتەوە. ئەویش بەنێوی (دیسان بارزانی) و... کاک سولەیمان لە کردەوەکانی ئەحمەد بە تایبەت شۆڤاری و دووزمانی نێویان بارزانی و پارتی وەرەز بوو. پێشگیری بەو نە دەکرا. بەڵکوو پێشگیری کردن لە ئەحمەد کاری حەزرەتی فیل بوو و.."

هەرچەند ئەندامانی حیزب زۆرجار، داوایان لە کاک ئەحمەد دەکرد و هاواریان بۆ بارزانی دەبرد، بەڵکوو حازربێ کۆنگرە و کۆنفەرانسێکی حیزبییان لە گەڵدا بگرێ، چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ کارو هەڵسووڕانی سیاسیدا نێن و بەرپرسایەتی بەشکەن و پێش بەتەک ڕەوی و سەرە رۆیی ئەحمەد بگرن، بەڵام ئەو هەوڵانەش بێئاکام بوون. سەرەنجام ئەندامانی حیزب تووشی لە یەکدابڕان و جیا بوونەوە هاتن و کاک سەعید کوێستانی، حسەینی مەدەنی و قادر شەریف لە ساڵی ١٣٤٢دا لە زینووێ شێخی کومیتەی ساغکەرەوەی حیزبی دێمۆکراتیان دامەزراند. پێکهێنەرانی کومیتەی ساغکەرەوە وجەمعێکی ٢٠ نەفەری لە دۆستانیان، پاش چەند جار کێشە و دم قاڵی لەگەڵ ئەحمەد و دارو دەستەکەی و چەک لە یەکتر کێشان ویەکتر جەکککردن و هاوار بۆ بارزانی بردن و چواب نەدانەوەیان، بانەمەڕی ١٣٤٣ پەنایان برد بۆ مەکتەبی سیاسی لە (مالوومە) و پاشان لە گوندی (گرگاشە) بارەگایان کردەوە و..

... لای مەکتەبی سیاسی خۆیان گرتەوە، سەرو سامانێکیان بە وەزعی خۆیاندا، مەلاحەسەنی رستگارو مەلا ئەبووبەکری فەلسەفیش دێنە ناو کۆمیتەکەیانەوە. بەیانییەیێکی دوور و درێژ بە نێوی کۆمیتەی ساغکەرەوە دەنووسن وبلاوی دەکەنەوە وخۆیان ئاشکرا دەکەن. پاشان لە ٣ گورووپی چەند نەفەریدا دەگەرێنەوە بۆ ناو وڵات. گرووپی مەلا حەسەنی رستاگار، مەلا رەسوڵی پێشنماز، حسەینی مەدەنی، قادری قازی و ڕەشید سمێل و چەند کەسیتر، پاش ماوەیەک گەڕان و جەولە، چوونەوە کوردستانی باشوور و لای بارزانی و شۆرش ئەمین بوونەوە و دانیشتن. گورووپی مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی و هەوالانی لە ناوچەی بانە و دەوروبەری لە بەڕیەک ترازان و خۆیان تەسلیمی دەوڵەتی ئێران کردەوە، قادر شەریف و کاک سەعید کوێستانیش وەک ئاخرین دەستە هەرچەند هەموو رەفیقەکانیان، یەک یەک و دوو دوو بەجێیان هێشتن، بەڵام شێلکیرانە ولێبڕاوە نە درێژەیان بەکار و خەباتی خۆیاندا و پاش هێرشی بارزانی بۆ سەر مەکتەبی سیاسی لە مالوومە و پاشەکشەیان بۆ ناو خاکی ئێران، بنکەکەی کومیتەی ساغکەرەوەش تێکچوو. ئەوانیش تووشی بێدەرەتانی و ئاوارەیی و لە

یەکدابڕان هاتن. کاک سەعید وقادرشەریف گەڕانەوە ناوچەی ئالان لە گوندی (ورچەک) بنکەیان کردوە. مەلا ئاوارەشیان ڕەگەڵ کەوت و درێژەیان بە کاری خۆیاندا. بە دوای کۆنگرەی ٢ی حیزبدا، ئەوان (جگە لە قادر شەریف) و زور بەی کۆنە ئەندامانی کومیتەی ساغکەرەوە و جەماعەتی کاک حەمەدەمینی سیراجی، سمایلی شەریفزادە و سالاری حەیدەریش چوونەوە لای حیزبی دیمۆکڕات و....... کاک سەلاحی موهتەدی، محەممەد ئیلخانیزادە، مەلا رەحمانی سیفەتاڵەیی، مەلاعومەری نگڵی، شێخ جەمیل مەردۆخی و چەند کەسیتر، کۆمەڵەی رزگاری کوردستانیان دامەزراند. من خۆم یەکێک بووم لە ئەندامانی کۆمەڵە. پایزی ساڵی ١٣٤٢ پاش دووجار سەفەر بۆ باشوور و دانیشتن و قسە و راوێژ کردن دەگەڵ ئەوڕەففیقان بڕیارماندا: ئیتر بە ناوی کۆمەڵە وەخەبات بکەین. پێشتر هەمووومان ئەندامی حیزبی دیمۆکڕات بووین. ئەوکات بۆ ئەوەی مرۆڤ بیتوانیبایا لە باشوور کاری سیاسی بکات، داڵدەی بدرێ و یارمەتی پێبکرێ، پێویست بوو بارزانی یان مەکتەبی سیاسی پشتی بگرن. بۆ ئێمە لە لایەن بارزانییەوە لەبەر کاک ئەحمەد مومکین نەبوو. مەکتەبی سیاسیش دەیان وت: "چونکە سەلاحی موهتەدی بە نێوی ئەندامی کومیتەی حیزب لە تاران ونوێنەری خوێنکارانی کوردی دانیشگاکانی تاران، هاتۆتە ناو شۆرشەوە، پێویستە: تەلەبە کوردەکانی تاران تەئییدی بکەن جا ئێمەش یارمەتی کۆمەڵەکەیان دەدەین" بەفرانباری ١٣٤٢من پرۆگرامی کۆمەڵەم بردە تاران. پاش چەند دانیشتن وکۆبوونەوە لەگەڵ جەمعێک لە خوێندکارە کوردەکانی تاران وەک رەحمانی شەریفزادە، سمایل شەریفزادە، عەلی حەسەنیانی، عەلی کامڕان (کە ڵباسی) سوارەی ئیلخانیزادە، ئەحمەدی موفتیزادە، حەسەنی قازی و عەلی بوداغی (ئەو دوو نەفەرەی ئاخر ئەو کات تەلەبە نەبوون) و.. ..... کۆمیتەیەکی کاتیمان بە نێوی (کۆمەلەی رزگاری کوردستان) دامەزراند. کۆمەڵەش دوو، سێ ساڵ لە ناوچەکانی بانە، سەردەشت و بۆکان دریژەی بە خەباتی خۆیدا.پاشان ئەویش لە بەر فشاری زۆری کاک ئەحمەد وکار بەدەستانی شۆرش و دوور کەوتنەوەی مەکتەبی سیاسی ونە بوونی هیچ دەرەتانێک بۆ مانەوە وکردنی کاری سیاسی لە باشوور، تووشی لێکهەڵوەشانەوە و لە یەک دابڕان بوو. زوربەی ئەندامان بە ناچاری هاتینەوە باوەشی ساواک!!. من خۆم پاش ئەشکەنجە و ئازاریکی زۆر و سێ، چوار ساڵ زیندان، بە تاوانی کوردایەتی ویارمەتی بە شۆرشی ئەیلوول و پشتیوانی لە بارزانی ئازاد بووم ..

ئەوەش پرۆگرامی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان:

مادەی یەکەم (ناوی حیزب کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)

مادەی دووهەم، ئەم کۆمەڵەیە پێکهاتوە لەو کەسانەی کە لە رەگەزی کوردن و یان دانیشتووی کوردستانن و باوەڕیان بەو پرۆ گرامەی کۆمەڵە هەیە.

مادەی سێهەم، کۆمەڵەی رزگاری کوردستان. باوەڕی هەیە کە کورد یەک نەتەوەیە ولە نیشتمانێکی لێکدانە پچڕاودا ئەژی کە کوردستانە و ئیعتیراف ناکا بەم سنوورانەی کە بێگانە دایناون.

مادەی چوارەم، کۆمەڵە خەبات دەکا بۆ وە دەستهێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد لە کوردستان.

مادە پێنجەم، خەباتی ئێمە خەباتێکی (نەتەوەیی گشتی و قەومی و جەماهێرییە) شۆرشگێرانەیە لە سەربناغەی کوردایەتی و بە رێگای دێمەکوڕاتیدا دەڕوات.

مادەی شەشەم، کۆمەڵە بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشی بۆ کۆ کردنەوە و رێکخستنی هەموو چینەکانی گەلی کورد لە ناو رێکخراوەیەکی سیاسی (ناسیونالیستی) بۆ پێشڕەوی ئەو خەباتەی کە مادەی پێنج رایدەگەیێنێ. مادەی حەوتەم، کۆمەڵە پشتیوانی دەکا لە هەر ئیمتیازێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە هەر بەشێک لە بەشەکانی گەلی کورد لە ناو سنووری ئێستادا بە دەستی دێنی ودەعوەتی ئەو حوکومەتانە دەکات کە دەسەڵاتیان هەیە بە سەر کوردستاندا بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی هێمن و ئاشتیخوازانە ددان بێنێ بەو مافانەدا.

مادەی هەشتەم، ئەو کۆمەڵەیە لە زروف وشەرایتی ئەمڕۆی میلللەتی کوردا بە گوێرەی ناوچەکان ودەستووری پڕۆگرام بۆ ئەو مەبەستانە تێدەکۆشی:

١- زیندوو کردنەوەی زمانی کوردی کە زمانی نەتەوەی گەلی کوردە لە کوردستان،

٢- دامەزراندنی فێرگە و قوتابخانەی کوردی.

٣- پەرە بێدانی ئەدەب وزانیاری نەتەوایەتی لە رێگای دەرکردنی و بلاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و هەموو شوێنەوارێکی نووسەرانی کۆن و نوێی گەلی کورد.

٤- رێزگرتن و رەواجپیدانی تەقالیدی نەتەوایەتی و پاراستنی سونەتی میللی لە جلو بەرگی کوردییەوە هەتا جێژن و بیرەوەرییە نەتەوەییەکان.

٥- بەشداری کردنی جوتیاران لە ئاو و زەوی پێویست و پاراستنی لە هەر چەشنە زوڵم و زۆرێک لە گەڵ تۆڵەی عادیلانە بۆ خاوەنی پێشووی زەویەکان.

٦- بەشداری کردنی کریکاران لە مافی قانوونی و عادیلانەی کار لە گەڵ مافی پیکەوەنانی سەندیکا (نقابە) و مافی شەریک بوون لە مەجلیسی بەریوەبەری کاردا.

٧- بە ربە ستکردنی زوڵم و زۆرلە لە ناو هە موو چینە کانی گە لی کورددا و بە شداریکردنی هە ر فە ر دێک لە مافە ئینسانییە کانی .

٨- لابردنی ئەو دوو بەرەکی وبرا کوژییە کە داگیرکەرانی کوردستان خستوویانەتە بەینی عەشیرەتەکان و هەمووچینەکانی گەلی کوردەوە بۆ بەر بەرەکانی کردنی بیرو رای نەتەوایەتی و دامەزراندی بناغەی بە هێزی برایەتی لە هەموو ئەفرادی میللەتی کورددا،.

٩- تێکۆشان بۆئاوەدان کردنەوەی کوردستان بە هۆی کارگە و کێشانی ریگا و پەرە پێدانی پیشەسازی وزیاد کردنی داهاتی نەتەوایەتی (عوائدی میللی)

مادەی نۆهەم، کۆمەڵە بۆ ژیانی ئابووری گەلی کورد و دامەزراندنی بناغەیەکی ئیقتیسادی بە هێزوپێشکەتوانە بۆ کوردستان کەڵک وەردەگرێ لە تەجاروبی عیلمی و عەمەلی میللەتانی تازە پێگەیشتوو، لە مبارەوە بە هەڵسەنگاندنیان لە گەڵ زرووف و واقیعییەتی کوردستاندا.

مادەی دەهەم، کۆمەڵە ددان دەنێ بەمەوجوودییەتی هەموو کەمایەتییە نەتەوایەتیەکانی کە لە کوردستاندا ئەژین. بە مەرجێک باوەڕیان بە رزگاری کوردستان هەبێ و بۆ ئەم مەبەستە خەبات بکەن.

مادەی یازدەهەم، کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ئامادەی برایەتی و هاوکارییە لە گەڵ ئەوریکخراوە کوردییانەدا کە هەڵگری بیر و باوەری کوردایەتین.

مادەی سێزدەهەم، کۆمەڵە سیاسەتی دەرەوەی بێلایەنی و دۆستی ئەو هێزانەیە کە یارمەتی مەسەلەی کورد بدەن.. هەر وەها باوەڕێکی پتەویشی هەیە بە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئیعلامییە جیهانی حوقوقی بەشەر و میساقی کۆنگرەی باندۆک و ئامادەی پشتیوانی خەباتی گەلانی جیهانە بۆ رزگاری و ئازادیان بەپێی توانا. چاوەروانی دۆستایەتی و یارمەتییە بۆ رزگاری و ئازادی گەلی کورد لە لایەن هەموو گەلانی جیهانەوە.

مادەی چاردەهەم، کۆمەڵەی رزگاری کوردستان باوەڕی هەیە کە کورد لقیکی سەر بەخۆیە لە رەگەزی ئاریا و ئامادەی گرتنی پیوەندی و دۆستایەتی و برایەتییە لە گەڵ لقەکانیتر...

مادەی پازدەهەم، کۆمەڵە ئایینی پاکی ئیسلام بە مەزهەبی رەسمی کوردستان ئەناسێ و ریز و ئیحتیرامی هەموو ئاینەکانتر ئەگرێت کە دانیشتوانی کوردستان باوەڕیان پیی هەیە .....

لە ئاخری ساڵی ١٣٤٢ و سەرەتای ١٣٤٣دا بە هۆی هێرشی ساواک بۆ سەر تەشکیلاتی حیزبی دیمۆکڕات ودەستگیرکردنی کۆمەڵێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب (ئەندامانی کۆمەڵەی رزگاری کوردستانیش هەر بە تاوانی ئەندامەتی حیزبی دیمۆکڕات گیران. چونکە ئەو کات هێشتا ساواک کۆمەڵەی کەشف نەکردبوو) خەڵکێکی زۆریش ئاوارە بووین و چوینە کوردستانی باشوور، کە بەشی زوری ئەو خەڵکە ئەندام و لایەنگری حیزبی دیمۆکڕات بوون. سەرەنجام کاک ئەحمەد لە ژێر فشاری زۆری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبدا و بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ودزعدکە، ملیدا بە بەستنی کۆنگرەیەک تا بە لکوو سەرو سامانیک بدات بە ئاڵۆزی و بیسەرەوبەرەیی ناوحیزب..

لە مانگی سەرماوەزی سالی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گوندی (سونێ) لە باشووری کوردستان، کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیمۆکڕات لە ژێر. شیعاری: یەکێتی، خەبات، سەر بەخۆی ودیمۆکراتیدا، بەسترا. ئەگەرچی کاک ئەحمەد هەوڵیدا بوو هەتا بۆی دەکرێ لایەنگران و هاو بیرانی خۆی بەریتە ناو کۆنگرەوە، هەتا بتوانێ بە مەیلی خۆی کومیتە ناوەندییان لێ هەڵبژیری و کارو بەرپرسایەتیان بە سەردا دابەش کات و بشتوانێ هەموو موخالیفینی خۆی بکوتی. وەک تاوان بارو دژی حیزب ناویان بەری و بەشێکیان بۆ هەمیشە لە حیزب دەرکات و هەروەها هێرشی توند بکاتە سەر رێبەرانی کۆماری کوردستان و .. بەڵام نەیتوانی لەگەل کۆمیتە ناوەندیە هەڵبژیردراوە کەی خۆشی کار بکات، کە پێکهاتبوو لە: کاک سولەیمانی موعینی، کاک ئەمری قازی (بەشداری لە کۆنگرەدا نەبووە لە سەفەر بوو) مەلا سەید رەشیدی حسەینی، نحو پاشایی، سەدیقی ئەنجیری ئازەر، مامۆستا مەلا رەحیمی وردی، مامۆستا هەژار (بەشداری کۆنگرە نەبووە.) ئەم چەند کەسە ئەوکات لە باشوور بوون. سادق وەزیری، سەید کامیل ئیمامی، حەبیبی کەشاوەرز، رەحیمی جەوانمەردی قازی، ئەم ٣ کەسەش قاچاغ نەبوون و لە ولات دەژیان!! بەشداری کۆنگرەش نەبوون. مامە غەنی، عەزیزی یوسفی (ئەوکات لە زیندان دابوون)..

کاک مەلا محەممەدی خزری کە خۆی کادرێکی بە ئەمەگ و هەڵسووڕاوی ئەوکاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە و کەسایەتییەکی ناسراوی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردە و یەکێکە لە بەشدارانی کۆنگرە.

لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ"... هەر پاش کۆنگرە و لە کاتی نووسین و بڵاو کردنەوەی بڕیاڕاتی کۆنگرەدا کاک ئەحمەد تووشی بەربەرەکانێ ودژایەتی بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی هات بەتایبەتی دەگەڵ کاک سەدیق، کاک سولەیمان وکاک ئەمیری قازی. سەرەنجام کاک ئەحمەد ئیستیحفا نامەیەکی نووسی و دای بە هەواڵانی بەڵام لێیان قبووڵ نەکرد. ئەمجارە بە نێوی پشوودان وحەسانەوە یەکی ٣ مانگە، لە جۆزردانی ساڵی ١٣٤٤ چووە قەندیل و پاشان چوو بۆ گوندی شێخان لە ناوچەی باڵەکایەتی و لەوێ بارەگای کردەوە ودەستی کردوە بەکاری سیاسی و کۆ کردنەوەی لایەنگرانی وپەروەردەی کادر وپێکهێنانی هێز و ناردنە وەیان بۆ ناو وڵات و .....

دوای رۆیشتنی کاک ئەحمەدیش، باقی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی نەیانتوانی یەکدەست و یەک دەنگ پێکەوە کاربکەن. مەلا سەید رەشید چو بۆ شیخان بۆ لای ئەحمەد تۆفیق. کاک ئەمیری قازی بەرپرسایەتی قبووڵنە کرد.

باقی ئەندامانی ناوەندی واتە کاک نحۆ، سەدیقی ئەنجیری، مەلا رەحیم وردی و کاک سولەیمان، بەرپرسایەتی وکارەکانیان لە نێوان خۆیاندا بەش کرد و بەشێکی زۆر لە ناڕازیانی پێشوی ئەحمەد تۆفیقیان دڵخۆشی دایەوە. بەتایبەتی ئەندامانی کومیتەی ساغ کەرەوە و جەماعەتی کاک حەمەدەمینی سیراجی. کاک سمایلی شەریفزادە وسالاری حەیدەری و ...

... لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٣٤٤ ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی، کە بڕیاریان دابوو پێکەوە کاربکەن ناوچەکانیان کرد بە چوار بەشەوە و هەر یەکەی گەڕاوە ناوچەکەی خۆی، بۆ دامەزراندن و رێکخستنەوەی کۆمیتەکانی حیزب. کاک سولەیمانی موعینی بەرپرسی لکی٣ بۆ ناوچەکانی مهاباد، بۆکان، هەوشار، کاک نحۆ پاشایی بۆشیمال. (بەداخەوە هەرزوو لە گەڵ چەند پێشمەرگەدا شەهید بوون) کاک سەدیقی ئەنجیریش بۆ شنۆ و نەغەدە. لە گەڵ کاک سەعید وچەند پێشمەرگە چوونە باڵەکایەتی. مەلا رەحیمی وردی و چەند پێشمەرگەش گەڕانەوە بۆ ناوچەی بانە.. کاک سولەیمانی موعینی هێشتا لە ناوچەی موکوریان بووە، پێان وتوە کە: کار بەدەستێکی شۆڕش قەولی بە (سەییادیان) رەئیسی ساواکی ئازەربایجانی غەربی داوە: کە کاک سولەیمانی موعینی و ئەو کەسانی ساواک داوای کردۆنەتەوە، بگرێ وتەحویلی دەوڵەتی ئێرانیان بداتەوە و ...

... لە نێو جەماعەتی نارازی لە کاک ئەحمەد، کە پاش کۆنگرەی ٢ گەڕابوونەوە لای حیزب و ئەو کەسانەی لە کۆنگرەی ٢دا، خۆیان بۆ

کومیتەی بەرزی چاودێری هەڵبژارد بوو، جگە لە کاک سەید حەسەن هاشمی، کاک سەعید کوێستانی ومەلا ئاوارە و ٣-٤ پێشمەرگە هیچیان کارێکیان وە ئەستۆ نەگرت و نەش گەرانەوە بۆ وڵات.

کاک سەید حەسەن بووە بەرپرسی بنکەی سونێ. مالا ئاوارە گەڕاوە ناوچەی ئالان و دەستی کردەوە بە کاری سیاسی و تەشکیلاتی، کاک سەعید کوێستانیش لە گەڵ کاک سەدیقی ئەنجیری و دوو، سێ پێشمەرگە، چوونە باڵەکایەتی و جەولەیەکی ناوچەکانی شنۆ و نەغەدەشی کرد و... خاکەلێوەی ١٣٤٥ لە سەر پێشنیاری کاک ئەمیری قازی لە کۆ بوونەوەیەکی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبدا، بڕیار درا: نامە بنووسن بۆکاک ئەحمەد، کاک سەدیقی ئەنجیری و کاک سولەیمان و داوایان لێبکەن هەموو لایەکیان بگەڕێنەوە و پێکەوە کۆببنەوە. بەڵکوو رێگا چارەیەکی گونجاو ببیننەوە بۆ هاریکاری و پێکەوە ژیان و دەست لە ناکۆکی و کێشە هەڵگرن و سەرو سامانێک بە وەزعی ئاڵۆزو شپرزی ناو حیزب بدەن. بەڵام ئەم هەوڵەش سەری نەگرت و کۆ بوونەوەکەش نەکرا. چونکە کاک ئەحمەد تۆفیق ئەوسەرو بەندانە، لە لایەن شۆرشەوە دوور خرابووەوە بۆ کونەماسی لە ناوچەی بادینان.

.......کاک سولەیمانی موعینی، پاش گەڕانەوەی بۆ باشوور لە بەهاری ساڵی ١٣٤٥دا، لە سەر ئەمری مەکتەبی تەنفیزی پارتی دەچێتە دۆڵە رەقە. پاشان دوای هاتنی ماڵ ومناڵەکەی، چۆتە گوندی (دێری) و، لەوێ بەنێوی لکی ٣ی حیزبی دێمۆکڕات ٣ ژمارەی رۆژنامەی (زۆژ) دەردەکات. لەو ماوەیەدا، پێوەندی باشی هەبووە بە پارتییەوە. تەنانەت دەگەڵ مەلا ڕەحیمی وردی وچەند پێشمەرگە بەشدارییان لە کۆنگرەی ٧ی پارتیشدا کردوە و... پاش بیستنی خەبەری بێسەرو شوێن بوونی کاک سەدیقی ئەنجیریئازەر، کاک سولەیمانیش هات بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و سەری هەموو لە یەکیدا و چی بۆ نە کرا وخەبەرێکی دروستی دەست نەکەوت. بەڵام لای وابوو: کە کاک سەدیق بەفیتی ئەحمەد لە ناوچووە و زۆری دەردە دڵی لە ئەحمەد کرد و ....

کاک مەلا محەممەد، لە درێژەی باسەکەدا دەڵێ": کاک سولەیمان هەر لە باڵەکایەتی و لە کاتی بیستنی بێ سەر و شوێن بوونی کاک سەدیقدا، پێشنیاری بە من کرد: کە هەموو لایەکمان، جگە لە لایەنگرانی کاک ئەحمەد هەوڵ بدەین کۆببینەوە و کۆمیتەیەکی بەرێوە بەری کاتی بۆ حیزب دامەزرێنینەوە. باسی سەعیدی دەگەڵ کردم.

ئاخۆ کارمان لە گەڵ دەکات؟ لە جوابدا وتم: "قەولت دەدەمێ ئەویش حازرە." سەعیدیشمان بینی. و هەر سێکمان کارەکەمان پێ باش بوو. کاک سولەیمان وتی: "ئێوە خۆتان کێ بە باش دەزانن جگە لە دارو دەستەی ئەحمەد هەر کەس دەعوەت کەن من قسەم نییە" کاک سەعید لیستێکی پێشنیار کرد بۆ کۆ بوونەوە وەی (دۆڵە ڕەقە) کە بریەتی بوون لەو کەسانە: مەلائاوارە، کاک حەمەدەمینی سیڕاجی، سمایل شەریفزادە، سالاری حەیدەری و کاک مەلا عەوڵای سەرباز. کاک سولەیمان هەروەک پێشتر گوتبووی، قسەی نەبوو. بەڵام لە کاک سەعیدی پرسی: پێتوایە سمایل وکاک حەمەدەمین هاوکاریمان بکەن؟ کاک سەعی وتی:" هەردووکیان هاوکاریمان دەکەن" کاک سولەیمان وتی:" شکم لاپاکی و شەریفییاندا نییە. کەسی لەوان باشترم پێ شک نایا. بەڵام ئەوە کە خۆیان لە کاری سیاسی و چیاو بەندەنان دەن لە شکدام و...." (پێشتریش کاک سولەیمان لە ڕەزبەری ١٣٤٤دا نامەیەکی بۆ کاک کەریمی حیسامی لە بوڵغارستان نووسیوە و وداوای هاوکاری لێکردبوو).

.... خزری دەڵێ: پاش گەڕانەوەی کاک سولەیمان بۆ دۆڵەرەقە، جەماعەتیش تێگڕا چوینە دۆڵەڕەقە، بەڵام ئەمجارەش کارێکمان بۆ نەکرا و کۆ بوونەوەکەش سەری نەگرت و کۆمیتەکەشمان بۆ دانەمەزرا. چونکە کەسانێکی وەها هاتبوون بۆ (دۆڵەڕەقە) کە نەدەبوو لەوێ بن و بە کارەکەی ئێمە بزانن!!!. بە لام هەرلەوێ. کاک سەعید کوێستانی، سالاری حەیدەری، سمایلی شەریفزادە، کاک حەمەدەمینی سیراجی، کاک مەلا عەوڵای سەرباز و مەلائاوارە، بە بێ پرس وئاگاداری کاک سولەیمان و باقی ئە ندامانی ناوەندی و کادرەکانیتری حیزب، بناخەی کومیتەی ئینقیلابی حیزبی دێموکڕات دادەرێژن و پاش گەرانەوەیان بۆ لای زینوێ، لە هاوینی ئەو ساڵەدا ئەوان و سەنناری مامەدی کۆمیتەی ئینقیلابی دادەمەزرێنن و پاشان ٣ ژمارەی ڕۆژنامەی (تیشک) وەک ئۆرگانی ڕێکخراوەکەیان بلاو دەکەنەوە و.... "(هەمووی نەقڵ بە مەعنایە) بەهۆی نزیکبوونەوەی شۆرش لە حوکومەتی ئێران و پێوەندی چڕو پڕی نێوانیان، فشارێکی زۆر دەخرێتە سەر کوردەکانی کوردستانی ئێران. لە مانگی جۆزەردانی ١٣٤٥دا کاک سەدیقی ئەنجیریئازەر، بەشێوەیەکی گوماناوی و نامرۆیانە شەهید دەکرێ. کاک ئەحمەد دوورخراوەتەوە بۆ کونەماسی لە بادینان. سەنناری مامەدی وسالاری حەیدەری خۆیان تەحویلی ئێران داوە. کاک سولەیمان لە لایەن پاراستنەوە بەرقییەی بۆدێ خۆیان پێبناسێنی. بەڵام لەترسی گرتن و تەحویل دانەوەی بە ئێران (کەپێشتر و بەر لە گەڕانەوەی بۆ باشوور هەستی پێکردبوو) بە ناچاری لە گەل چەند

پێشمەرگەیەکیدا دەگەڕێتەوە بۆ شاخەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات. مەلا ئاوارە و مەلا رەحیمی‌وردیش هەر پێشتر گەڕا بوونەوە وڵات. ئەمجار پاراستن فشار دێنێ بۆ سمایلی شەریفزادە و سیراجی: کە لە ناوچە سنوورییەکان نەبن وداگەڕێنە خواریێ بۆ (سەنگەسەر و ئەو ناوە ..٣٠، /١٣٤٦/٢ کەریمی حیسامی بەداوای نامەی کاک سولەیماندا دێتە بەغدا. بەدوای سمایل و کاک سولەیمان وحەمەدەمینی سیڕاجیدا دەنێرێ. کاک سولەیمان و سیراجی بۆیان ناکرێ بچن. سمایل بە تەنێ دەچێت بۆ بەغدا ونامەیەکی کاک سولەیمانیش دەبا بۆ حیسامی. کاک کەریمی حیسامی دەڵێ؛ 'پاش قسە وباسێکی زۆر پێشنیارم پێکرد:لە گەڵ کاک سولە یمان و قادرشەریف یەک بگرنەوە. بەڵام سمایل وەک رووناک بیرێکی شۆرشگێری بێ تەجرەبە و تارادەیەکیش لە ژێر تەئسیری تیئۆری (مائۆ)ی رەحمەتیدا، ئەوانی پێ ناسیۆنالیست و مورتەجیع بوو "کاک کەریم کاک سەعید کویستانی و چووکەڵیشی بینیوە و دەڵێ "ئەوانیش لە سولەیمان رازی نەبوون. دەیانگوت" ئێستاش بەقسەی ئەحمەد تۆفیق هەڵدە سوورێ.." پاش گەڕانەوەی سمایلی شەریفزادە لە بەغدا و هاتنەوەی بۆ کوردستان، ئەویش و حەمەدەمینی سیراجیش هەریەکەی بە لایەکدا دەگەڕێنەوە بۆ شاخەکانی ئەودیو و.....

ئێمەش جەمعێک لە ئەندامانی کۆنی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) پێوەندیمان پێوەگرتن. هاوبیریان بووین وپشتیوانیمان لێ دەکردن. لە هاوینی ١٣٤٧دا، کاک سەلاحی موهتەدی و من و چەند رەفیقی دیکە لە شاخی (حاجی کیمی) قەرەگوێز چاومان بە کاک عەبدوڵای موعینی و مینەشەم وجەمعێک لە پێشمەرگەکانیان کەوت. پاش دانیشتن و قسەو باسیکی زۆر، بەو ئاکامە گەیشتین: کە ئێمەش بچینە شاخی ورەگەڵیان کەوین. دەبوو پاش١٢ رۆژیتر، ئێمە و جەمعێک لە رەفیقان (دوکتۆر شێخی بۆکانیشمان لە گەڵ بوو) لە گەڵ ئەوان و جەماعەتی کاک سەید فەتاحی نیزامی لە گوندی (بەیرەم) یەک بگرینەوە. بەڵام داخی گرانم دوو رۆژ دواتر، لە گوندی (قالویێ)ی ناوچەی گەورکان، لە گەل جاش وژاندرمە تووشی شەرهاتن. پاش شەرێکی قارەمانانە، کاک عەبدوڵا و مینەشەم شەهید کران وچەند پێشمەرگە بریندار بوون و کەسێکیشی بە نێوی (حسەین) خەڵکی خورِ خورەی گەورک بەدیل گیرا (کە پاشان لە پادەگانی مهاباد ئیعدام کرا). ئێمەش ریسەکەمان لێ بووە بە خوری و پاش ماوەیەک لە گەڵ سەدان کەسیتردا گیراین و حەواڵەی قەسابخانەی جەڵدیان کراین. پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی کەم وێنە و

ئیعـدامکردنی ٣٠-٢٠ کـەسـێک و تـەبعیـد کردنـی جـەماعـەتێـک بـۆ (فـەلـەکـول ئـەفـلاک)ی خـوڕە مابـاد و لـەویشـەوە بـۆ ئوسـتانی کرمـان، چـەنـد سـەد کـەسێکیشـمان لـە دادگـایێکی نیزامیـدا بـە حـەبسـی لـە یـەکسـاڵەوە هـەتـا ئـەبـەد و ئیعـدام مـەحکـووم کـراین. مـن خـۆم بـە ٩ سـاڵ مـەحکـووم کـرام. بـە لاّم هەموویم نەکێشا..

هـەتـا ئێسـتاش هـەرچـاوەڕوانـم: سـابە ڵکـوو کـەسـێک لـە سـەر زینـدانی جـەلـدیان وئـەو ئـەشـکەنجـە و ئـازارە زۆرەی دەرحـەق زینـدانیانی ئـەو دەورەی کوردسـتانی رۆژهـالات کـرا، بـە تـاوانی کوردایـەتـی، شـتێک بنووسـێ. یـان هەرنـەبـێ باسـێکی کـەمـی ئازایـەتـی و خـۆ ڕاگـری و، ورەی بـەرزی کـوردێکی بێسـەوادی، دەسـت و پـێ قـەڵـە شـاوی (گونـدی کونـەکـێچ)ی ناوچـەی مـەنگـوڕان بکـات... ئـاخری هـاوینی١٣٤٧ لـە مـاوەی ٢٤ کـاتژمێردا نزیکـەی هـەزار کـەسـێک لـە سەرانسـەری ئـەو بـەشـەی کوردسـتان گیـراین وبردیانینـە سـەربازخانەی جڵـدایان کـە تیمسـارئووەسـی فـەرمانـدەی گشـتی ژاندرمـەی ئێـران، لـە لایـەن محـەمـەد رەزا شـاوە ئـەمـری پێکرابـوو. ئیجـازەی پێـدرابوو: کـە لـە مـاوەی شـەش مانگـدا - غایلـەی کوردسـتان (شۆرشـەکـەی ١٣٤٦-٤٧) تـەواوبکـات. لـەوێ بـارەگـای کردبـووە .. چـوار رۆژ پـاش گرتنمـان، حـوکمی بازداشـتیان پێڕاگـە یانـدین. بـە تـاوانی کوردایـەتی،ئـەندامـەتی حیزبـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران وهاوکـاری و دیتنـی ئـەشـرار (پێشـمەرگـە) هـەر ئـەو رۆژەش سـەرهـەنگێـک وابـزانم نـاوی (هیربـود) بـوو، هاتـە ژووری زیندانـەکـەمـان. گولۆلـە گوشـت وخـوێن وپـەڕ ۆوپاڵیکیـان لـە بـەرلاقـی دانـا. بـە قیافـەیـەکـی فیرعـەونی ومـەغرورانـەوە رووی کـردە ئێمـە ووتـی"ئەوکەسـە دەناسـن" ئێمـە نـەک هـەر نـەمـانناسـییەوە، بـەڵکـو هێنـدێ کـەس هـەر بڕواشـی نـەدەکـرد: کـە ئـەوە عینسـان بـووبێ و ئـاوای بـە سـەرهێندرا بـێ. جـارێ نـا جارێـک جـەناب سـەرهـەنـگ، نـووکی پۆتینـەکـانی وەبـن دەدا و پـاڵێکی پێـوە دەنـا. هـەتـا هێنـدێک بجـووڵی و کـەمێک ببـزوێ و تـۆزێکیتـر لـە ئێمـە بێتـە پێشـێ. ئـەویـش لـە سـەر چـۆک و ئـەنیشـکەکانی لاشـەی لـە خوێنـدا شـەلاّلی کـەمێـک دەجووڵانـد و مسـتیکی خـوێن و زووخـاوی لـە جێگـای خـۆی بـەجـێ دەهێشـت. جـەنـاب سـەرهـەنـگ فـەرمـووی: ئـەوە (وسـەینـی ئـەسـتی)یـە. ئـەوە نمـوون یـەکی کـەمـە، لـەو ئـەشـکەنجـە و ئازاراانـەی لـەم زیندانـەدا لـە گـەڵتان دەکـرێ" ئیتـر (وسـەینـی ئـەسـتی)ان لـە بـەر چـاوی ئێمـەون کـرد.. چـەنـد رۆژ دواتـر، دەسـکرا بـە لێپرسـینەوە وئـەشـکەنـج و ئـازاری بـاقی زینـدانیان. دارکـاری، هـەڵواسین،دەسـتبەندی قـەپـانی لێـدان، بێخـەوکـردن بۆمـاوەی ٢٤ کـاتژمیر هـەتـا١٠٠ کـاتژمێر، لێـدان و تێهـەڵـدانی رێگـای توالێـت، کـە دوو جـار

لەشەو ورۆژدا، دەیان بردین ودەبوو پاش ژماردنی ٣ژمارەی سەرکار، کارمان تەواو بووبا!. نەبوونی حەمام و خۆ شوشتن بۆ ماوەی ٤مانگ! جنێو و بێحورمەتی و دەیان ئەشکەنجە و ئازاری بەدەنی و رۆحی تر، کە هەر بە قسە هاسانە باس و گێرانەوەیان. لەو ماوەیەدا، جاریکیتریش و سەینی ئەستیان هێناوە مەیدانی ئەشکەنجە و لە جاری هەوەڵیان خراپتر بەسەر هێنا. تەنها تۆزێک ئێسک و پێستی لێ مابوەوە، زۆریان هەوڵدا. بەڵام ئەم جارەش هیچیان لێ هەڵنەکراند وکەمترین ئیعتیرافی نەکرد (ئاخر رفیقی خۆی راستی لێ وتبوو!) بردیانەوە بۆجێگای خۆی. لەوێش چیان بەسەر دەهێنا وچیان لە گەڵدەکرد؟ هەرخۆی و خودا و شکەنجەگەرەکان دەیانزانی. ماوەیەکی پێچوو. شەوێک لە گەڵ دوکتوور بەهمەنی، رەسووڵی نادری، مەلا محەممەدی مەزنە و کەسێکیتر، وابزانم خدری عەولا فەتاح بوو، لە دەرێ و لە بەر سەرما هەڵیانواسین وئاویان پێداکردن و دارکاری کران هەتا بێهۆش بوون و کاک مەلامحەممەدی مەزنەش خوێن رێژی کرد. بۆ ماوەیەک دەستیان کردنەوە. وسەینی ئەستیان هێنا کووپەکەی ئێمە و لەوێ بە هیلاکی رایان کێشا....

ئێمە پێمان وا نەبوو هێشتا ماوە و زیندوە، سەید عەولای بابیگەورە، لام وایە مامی کاک سەید رەسووڵی بابیگەورە بوو، ئەویش هاو کۆپەی ئێمە بوو، بە ئەرشەدی زیندانی وت: ئیجازەم بۆو ەرگرە با یاسینێکی بخوێنم" (لە زینداندا کەس حەقی نەبوو بۆ خۆی لە گەڵ بەپرسی زیندان قسە بکات کە گروهبان ٣ یەکی بێحەیای خەڵکی ئیسفەهان بوو، دەبوو بە ئەرشەدی زیندان بوتری عەرزی بکات) سەرکار شمووسی پاش کۆڵیک جنێو و تەوهین بەهە موومان، ئیجازەی خوێندنی یاسینی سادرکرد. سەید عەولا یاسینی خوێند. بەدەم یاسینەکەوە وەک مەنجەڵ دەکوڵی وریزە فرمێسکی بە سەر ردینە سپیەکەیدا دەهاتنە خوارێو دەتکانە سەر کۆشی. لەو کاتەدا یەکێک لە ئاشنایانی وسەین بەدەنگێکی ئارام و لە سەرە خۆ کە سەرکار نەیبیستێ، وتی: وسەین! وسەین! پاش دوو، سێ جار کە بە حاڵ نووزەی دەهات جوابی داوە وتی: دەلێ چی؟ کابرا وتی؛ بیکە بۆ خاتری خودا شتێک بڵێ! با بە زەلیلی نەتکوژن. وسەین وتی بەکێ دەلێی؟ بە وسەینی ئستێ دەلێی!؟ هەر سێک تەڵاقم کەوتبێ حەجەمان هەموو پیستی بەدەنم بە زیندوویی لێکەنەوە عەرفم لێنابییەن، دەنەمکردبا....... سەرە نجام بە ٦شە مانگ حوکم درا. لە دوای راپەرینی گەلانی ئێران لە ١٣٥٧ی هەتاویدا، هاتە بۆکان وبوو

بەمیوانم. چاوم پێی کەوتەوە. چەکی حیزبی دیمۆکراتی پێبوو. ئیتر نازنم چی بەسەرهات؟ یادی بە خێر.

پاش گەرانەوە جەماعەتدا بۆ وڵات، سنوورەکان بەجاش و ئەرتەش تەندران. لەولاشەوە پێشمەرگەی گەرمێنیشی بە ئەمری پاراستن، رێگای گەرانەوە و پاشەکشەیان لێ گرتن. بەم شێوەیە: خەباتی چەکداریان بەسەردا دەسەپێندرا و شۆرشی ساڵەکانی ١٣٤٧-١٣٤٦ دەست پێکرا و بۆ ماوەی ١٨ مانگ درێژەی کێشا ولاپەرەیەکی زێرین و پر لە شانازی خستە سەر مێژووی خەباتی رزگایخوازانەی گەلەکەمان و زۆرێک لە بەرپرسان وپێشمەرگەکان لە شەری قارەمانانەی نابەرابەردا شەهید کران و ٣٠-٢٠ کەسێکیشیان بەساغی یان بە بریندای تەحویلی ساواکی ئێران درانەوە و پاش شکەنجە وئازارێکی زۆر ئیعدام کران. کاک سولەیمانی موعینیش سەرقافڵەی کاروانی ئەو شەهیدانەیە و بۆ هەمیشە یادی زیندووە، لە لایەن شۆرشەوە گیرا وئیعدام کرا وتەرمەکەی دراوە بە ئێران!!!!!

مەلا مەحموودی زەنگەنە، ٢١ی مانگی رەزبەری١٣٤٦ لە گوندی بەیرەم شەهید کرا. مەلا ئاوارە بە هۆی خەیانەتی چەند کوردی خۆفرۆشەوە لە گوندی (دیوالان)ی ناوچەی سەردە شت، لە گەڵ دوو پێشمەرگەدا بە ناوەکانی: رەحمانی وەسمان چاوشین ومەلا کەچە، مانگی بانەمەری ١٣٤٧ گیران و ١١ی خەرمانانی ئەو ساڵەدا لە شاری سەردەشت لە دار دران. سمایلی شەریفزادە لە گەڵ محەممەدی شاتمانی، حسەینی رەحمان رابی، عەلی عەولاکۆڵ، لە ئاکامی خەیانەتی کوێخا شەریف ومحەمەدی ژنبرایدا، رۆژ١٠ی بانەمەری١٣٤٧ لە چۆمی (دارێنە) تووشی شەرێکی سەخت وخوێناوی هاتن لە گەڵ جاشە بانەییەکان وژاندرمە، وسەرەنجام شەهید بوون و لە گورستانی (تایلە)ی سنە، نزیک کوچکەرەش بە دزی خەڵکەوە بە خاک ئەسپێردران. یادیان بەخێر. نحۆ پادشای هەر زوو شەهیدبوو. مەڵا رەحیمی وردیش بە دەستی (عەبدولوەهاب ئوترووشی) گیراو ئیعدام کرا.

لایە نگرانی ریبازی کاک ئەحمەد و ئەوکادر وپێشمەرگانەی کە بەشداری شۆرشەکەی ٤٧-٤٦ یان نەکردبوو مانگی پووشپەری ١٣٤٨ کۆنفەرانسی دووهەمی حیزبیان گرت و٣ کەسیان بۆ ساغکردنەوەی کومیتە ناوەندی حیزب هەڵبژاردوە: کاک مەلا عەوڵا حەسەنزادە، مەلا حەسەنی رستگار وماموستا هێمن. بە وتەی کەریمی حیسامی داوای هاوکاری لە د.قاسملوو، کەریمی حیسامی و مەلاحە سەنی قزڵجیش دەکەن (ئەو کات ٤ کەس لە ئەندامانی کومیتە ناوەندی کوۆنگرەی ٢، نحۆ پادشایی، مەلا رەحیم وردی، سولەیمانی موعینی و کاک سەدیقی

ئەنجیری ئازەر) شەهید ببوون. ئەحمەد تۆفیق لە لایەن شۆرشەوە دوورخرابووەوە. مەلا سەید رەشید نامەی کۆمیتە ناوەندی بردوە بۆ ئەحمەد وئیتر نەگەراوە تەوە.

کاک ئەحمەد تۆفیق و مەلا سەید رەشید، لە ئاخری ساڵی ١٣٤٨دا لە کۆنە ماسییەوە هەڵاتوون بۆ بەغدا و وبوونە پەنابەری دەو ڵەتی بەعس، مەڵا سەید رەشید نێوانی لە گەڵ کاک ئەحمەد تێکدەچێ و بە چێیدێڵێ و دەگەرێتەوە بۆ کوردستان ودرێژە بەکاری سیاسی دەدات. سە رە نجام لە گە ڵ جە ماعە تێک لە رە فیقە کانی تە حویلی ئێران دراوە و پاش چەند ساڵ زیندان ئازاد کرا و لە شاری سە قز دووکانێکی دار تاشی دانا و.... پاش راپە رینی گە لانی ئێران، لە شە رێکدا دە گە ڵ ئاغاکانی تی لهکۆ شە هید بوو. کاک ئەحمەد ماوەی ٢ ساڵان لە بەغدا بە ئازادی دەسووڕێتەوە. کاری سیاسی دەکات. لە دژی دەوڵەتی ئێران ئیعلامییە بڵاو دەکاتەوە. خۆی بەسەرۆکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەزانێ و بە ئاشکرا دژی ناحەزانی خۆی دەنووسێ ودەدوێ. ساڵی ١٣٥١–١٩٧٢ لە لایەن جینایەت کارانی بەعسەوە گیرا وساڵی١٣٥٢–١٩٧٣ شەهید دەکرێ. یادی بەخێر.

حیزبی توودە، هەر لە پاش گۆدەتای قاسم و پەیدابوونی کەشو هەوایێکی باش و لە بار بۆ هەڵسوورانی سیاسی بنکەی لە عێراق کرد بووە. کاتێک دیتی لە کوردستانی بەشی ئێرانیش، شۆرش و خەباتێکی چەکداری لە ئارادایە و بە قەولی کەریمی حیسامی: "فکرەی چەوتی (مائۆ) گەیشتۆتە شاخەکانی کوردستان، خۆیان و لایەنگرانیان بە پەلە کەوتنە خۆ. بۆ ئەوەی لە لایەک، وەک هەمیشە لە کاتی گەشەو پێشرەفتی بیری کوردایەتی ورەخسانی کەشوهەوای لە باربۆ کار لەکوردستان، دەستی تێوەردەن و بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێوەرگرن و لەولاشەوە نەهێڵێ بیر ی مائۆئستی دژی یەکیتی سۆفێتی قیبلەگایان لە کوردستان جێگیرببێ.

کاک کەریم دەڵێ "پاش گەیشتنی نامەی سیراجی لە ١٩٦٧/٧/٦–١٣٤٦/٤/٢٠دا، بۆم دەرکەوت: کەپاش گەرانەوەی سمایلی شەریفزادە وسیراجی بۆ کوردستانی ئێران، لە گەڵ کاک سولەیمان بوونە یەک و خەریکی پەرە پێدانی کومیتەی ئینقیلابین.... پاش نامەی سیراجی چاوم بە رادمەنیش کەوت. وەزعی کوردستانم بۆ باسکرد.

وتی "تێکۆشەرە کوردەکان بارێگای راستی خەبات بدۆزنەوە، نەخشەی کاری خۆیان بکێشن، ئێمەش هاوکاریان دەکەین ویارمەتییان دەدەین" (بێگومان رادمەنیش مەبەستی ئەوە بووە: کە دەست لە

دۆستایەتی و لایەنگری چێن هڵبگرن و ڕوو بەکەنە ئەوان) حیسامی دە نووسێ: ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبری ٦٧ ١٩ گەیشتمە بەغدا. نامەم بۆ سولەیمان و وسمایل نووسی. بەڵام نەهاتن. ٦٧/١١/٢٧ گەڕامەوە بۆسۆفیا. برادەرانی توودە داوایان لێکردم لە هەموو بارێکەوە بیرو ڕای خۆمیان بۆ بنووسم. منیش لە چەند خاڵدا نووسیم.

(کورد کوتەنی: دۆم بێ وکڵاش بۆ خۆی بکا) حیسامی لە درێژە ی باسەکەیدا دەڵێ" ٦٧/١٢/١٥ نامەی سیراجی و سولەیمانم پێگەیشت. کە لە ٦٧/١٢/١ نووسیبوویان، قسەم لە گەڵ کامبەخش کرد و پێم وت: برادەران هەتوونە عێڕاق و نامەیان نووسیوە و چاوە ڕوانی دیتنی ریبەرایەتی حیزبی توودەن و..... ٦٧/١٢/١٧ کامبەخش بە تەلەفوون پێی وتم گیرمە بە بچۆ بۆ بەغدا ئەگەر ڕاد مەنیش لەوێ بوو باشە، دەنا ڕایان گرە تا ئێمە یەکێکمان دێن. ٦٧/١٢/٢٢ گەڕامەوە بۆ بەغدا. ڕادمەنیش لە بەغدا نەما بوو. خەبەرمدا سولەیمان وسیراجی ٢٨ی دیسێمبر هاتنە بەغدا. دەستمان بە قسانکرد. سولەیمان وتی "هاتوین چاومان بە ڕێبەرایەتی حیزبی توودە بکەوێ. ئەگەرئەوان ئامادە بن دەمانهەوێ وەکوو دوو حیزب پێکەوە کار بکەین. ئەگەر نا، لە گەڵ بەعس پەیوەندی دەگرین. "وتم ئەوەندەی من بزانم وبرادەرانی حیزبی توودە قسەیان کردوە و لە گەڵ من باسیان کردوە، دەیانهەوێ هاوکاری بکەن ولێمان نزیک بنەوە .... دەیانویست بچنە باڵوێزخانەی (چین) و گۆیا داوای پێوەندی لەوێ بکەن. ئەودەم بیروباوەڕی چەوتی (مائۆ ئیستی) خۆی گەیاندبووە نێو شاخ و داخی کوردستانیش. من بە توندی دژی ئەوە ڕاوەستام. ئەوانیش بەوەڕازی بوون. هەر لەوێ نامەیەکیان بۆ برادەران نووسی لە گەڵ لایەنگرانی چین کە لە ڕێگای جەلال تاڵەبانی‌یەوە چووبوونە کوردستان پێوەندی نەگرن. ... (ئەگەر چی بەقسەی حیسامی: کاک حەممەدەمین پێوەندی پێوە گرتوون و (دوکتۆرلاشائی) شی لە لەل خۆی بردەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات.....

.... بڕیارماندا: من بگەڕیمەوە بۆ سۆفیا و کارێکی وا بکەم لە گەڵ ڕاد مەنیش و قاسملوو بچینەوە بۆ بەغدا. یان پاسپۆرتیان بۆ سازکەین ئەوان بێنە ئورووپا. وامان دانا ئەوان بچنەوە سولەیمانی، هەتامن خەبەریان دەدەمێ لە سولەیمانی بن. ڕۆژی ١٩٦٨/١/٥ گەرامەوە سۆفیا. جارێکی‌تر بڕیار درامن بچمەوە عێراق و پاشان ڕادمەنیش وقاسملووش بێن. ١٩٦٨/١/٢٦ چوومەوە بۆ بەغدا. خەبەرم نارد سولەیمان و سیراجی هاتن. حیزبی شیوعی جێگایەکی بۆ دیاری کرد بووین کە تاکۆ بوونەوە کەمان تەواو دەبێ لەوێ بین. ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٥ ڕاد مەنیش هاتە بەغدا و هاتە لامان. بەیانی دەستمان بە

قسه کرد و... یارمەتێکی باشیان پێدرا. ناردم سەعید و خزری و چووکەڵیش هاتن. لە گەڵ ئەوانیش یەک دوو کۆبوونەوەمان کرد و.... سیڕاجی و موعینی دەچنەوە سولەیمانی. سیراجی دەچێتەوە ئەودیو. موعینی چاوەڕوانی مناڵەکانی دەبێ. ٢٩ /١٩٦٨/٥ نامەیەکم پێگەیشت کە دەڵ: ١٥ ڕۆژە سولەیمان شەهید کراوە "بەداخەوە کاتێک سولەیمان دەیهەوێ بە ماشینی قالە تە گەرانی لە ڕێگای ئەزمڕەوە بگەڕێتەوە وڵات، بۆ لای ڕەفیقەکانی، لە لایەن سەدیق ئەفەندییەوە دەگیرێ ودەبرێتە (هەڵشۆ) و لەوێ پاش ماوەیەک ئیعدام دەکرێ و تەرمەکەشی دەدەنە بە دەوڵەتی ئێران" ئەمە خاڵێکی ڕەشە بە نێو چاوانی شۆڕشی ئەیلوولەوە و غەدرێکی گەورەش بوو لە کوردی ڕۆژهەڵات کرا....

نە پێکهێنەرانی کومیتەی ئینقیلابی و نە ڕێبەرانی شۆڕشی ساڵەکانی ٤٧-١٣٤٦ خاوەنی یەک خەتی فکری و ڕێباز و بۆچوونێی سیاسی نەبوون و بە پێی بەرنامە و نەقشە و پلانی لە پێشدا داڕژا و بە لە بەر چاو گرتنی بارو دۆخە ناوچەیی وجیهانییەکان بڕیاریان نەدابوو. تەنانەت ڕێبەرانی شۆڕشەکەش، یەک دەنگ و پێکەوەش نە گەڕانەوە ئەو دیو و، بە مەیلی خۆیان خەباتی چەکداریان هەڵ نەبژاردبوو. لە ٧ ئەندامی کومیتەی ئینقیلابی (کە هیچیان ئەندامی ناوەندی حیزب و تەنانەت زوربەیان هەر ئەندامی حیزبیش نەبوون) تەنها ٣ کەسیان بەشداری شۆڕشەکەیان کردوە: (مەلا ئاوارە، حەمەدەمینی سیراجی و سمایلی شەریفزادە). مەلا ئاوارە و کاک سمایل لایەنگری ڕێباز و فکرەی مائۆ بوون. کاک حەمەدە مینی سیراجی یەکێتی سۆڤیتی و ئۆردووگای سۆسیالیستی سەر بە شووڕەوی قوبوول بوو. هەمیشە لایەنگر و ماوەیەکی زۆریش ئەندامی حیزبی توودە بوو. ئەگەر چی وەک ڕووناکبیرێک، لە گەڵ لایەنگرانی (مائۆ)ش نیوانی هەبووە. کاک سولەیمانی موعینیش کە یەکێک لە ڕێبەران وهەڵسووڕاوانی شۆڕشی ٤٧-٤٦ بوو. ئەندامێکی کومیتە ناوەندی چالاک و بە وەفای حیزبی دیمۆکڕات و درێژە دەری ڕەوت و ڕێبازی کۆمارو پێشەوا و لە هەمان کاتدا ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخوازی سەربەخۆی دۆستی و لاتانی سۆسیالیستی بوو. هەموو ئەو ڕەفیقانە، بە بیرو باوەڕو تیئۆری جیاوازەوە، فشار وزەختی کار بەدەستانی شۆڕشی باشوورو هێرشی جاش و جەیشی ( ئێران) و پێوەندی چڕوپڕی (ئێران) و کار بەدەستانی شۆڕش و هاوپەیمانیەتیان لە دژی کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەگشتی، یەکی خستنەوە. ناکۆکیە فکری وئیدئۆلۆژییەکانیان وەلانا. خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان کردە بناغە و هەوێنی پێکەوە بوون و

نیمچه بەرەیەکیان پێکهێنا و لە ناو وڵاتدا درێژەیان بە خەباتی هاوبەشی خۆیاندا و سەرەنجام تووشی شەرو شاخ کران و بۆماوەی١٨ مانگی لەگەڵ هەزاران جاشی بەکرێگیراوی خۆیی و ژاندارم شەڕیان کرد و حەماسەیان خولقاند ولا پەڕەیەکی زێڕینیان خستە سەر مێژووی خوێناوی و پڕ لە شانازی گەلەکەیان...

حیزبی توودە و لایەنگرانی، پاش شۆڕشی ساڵەکانی ٤٧-١٣٤٦ وچوونی ئەحمەد تۆفیق بۆ بەغدا، درێژە بە سیاسەتەکانی خۆیان دەدەن هەتا جارێکیتریش حیزبی دیمۆکرات بخەنەوە ژێردەست و دەسەڵاتی خۆیان و سەر بەخۆییەکەی لە بەین بەرن. سەرەنجام پاش چەندجار هاتوچۆ بۆ عێراق وگەرانەوە بۆ ئورووپا. ڕۆژی ١٩٧٠/٢/١٥ سیراجی دەێتە بولغارستان. چاوی بە کەریمی حیسامی، مەلا حەسەنی قزلجی و دوکتۆر قاسملوو دەکەوێت و بڕیاری هاوکاری بە یەک دەدەن. ٧٠/٣/٢٠ ١٩سیراجی دێتەوە بۆ عێراق. لە ئاخری مانگی مای ١٩٧٠ دوکتۆر قاسملووش دێتە بەغدا. لە گەڵ سیراجی و یۆسفی ریزوانی چاویان بە کاک ئەمیری قازی دەکەوێ وباسی یەک گرتنەوە و هاوکاری دەکەن و ....

کاک ئەمیری قازی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لە گەڵ کومیتە مەرکەزیدا باسەکە دێنێتە گۆڕێ. د. قاسملوو دەگەل ڕەفیقەکانی دێنە کوردستان و پاش دانیشتن و قسە و باسێکی زۆر کومیتەیەکی ٨ کەسی هەڵدەبژێرن لە د.قاسملوو، سیراجی، یۆسفی ریزوانی، مامۆستا هێمن، کەریمی حیسامی، کاک ئەمیری قازی! مەلا حەسەنی رستگار! و مەلا عەوڵا حەییاکی!! نووسینی پرۆگرامی حیزبیش دەسپێرن بە د.قاسملوو. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەکوسلۆواکی. پرۆگرامەکە دەنووسێ. پیشانی حیسام و مەلا حەسەنی قزلجی دەدات. روخانی ڕێژیم و فیدرالیزم وەک شیعاری حیزب هەڵ دەبژێرن. د.قاسملوو پرۆگرامەکە پیشان ئیرەجی ئەسکەندەری (سکرتێری حیزبی توودە) دەدات! ئەو شیعارەکەیان تەسویب ناکات ودەڵێ "بیکەنە دیمەکوراسی بۆ ئێران وخودموختاری بۆ کوردستان"

کاک مەلا عەولای حەسەنزادە، لە کتێبی نیو سەدە تێکۆشاندا، باسی یەکگرتنەوەی خۆیان وجەماعەتی کاک دوکتوور دەکات "لەو سەورو بەندەدا، د.قاسملوو گەرابووە عێراق. لە بەغدا چاوی بە حەمەدەمینی سیراجی و یۆسفی ریزوانی کەوتبوو. ئەوانیشی لە گەڵ خۆێ هەڵگرتبوو، چوبووە لای خوالێخۆشبوو بارزانی بۆ پیرۆزبایی لێ کردنی ڕێککەوتنی ١١مارس......لە وێ چاویان بە کاک ئەمیر دەکەوێ. باسی گەڕانەوەی دوکتوور و یەکگرتنەوەی هەموو لایەک

دەکرێ، سەرەنجام رێک دەکەون کاک ئەمیر بگەڕێتەوە لای کومیتەی ناوەندی و مەسەلەکە باس بکا. دوکتووریش لە بەغدا گیربێ تا کاک ئەمیر خەبەری لێ دەگێڕێتەوە. بەڵام هەرلەوێ دوکتوور باسی ئەوەی کردبوو کە بە تەنیا نییە. بەڵکوو کاک کەریمی حیسامی، کاک یۆسفی ریزوانی و کاک حەمەدەمینی سیراجیشی لەگەڵە.

....کاک ئەمیر گەڕاوە شوێنی کومیتە ناوەندی و داوای کرد ئەندامانی کومیتە ناوەندی (کە ئێستا تەنیا ٤ کەس مابوون خۆی و هێمن و حەسەنی رستگار و عەبدولای حەسەنزادە) کۆ ببنەوە ..... لە کۆ بوونەوەی کومیتە ناوەندیدا بڕیار درا: کۆبوونەوەیەکی بەرین لە کادرەکانی دانیشتووی کوردستانی عێراق پێک بێ و پرسیان پێ بکرێ و...

بە تێگرا موافیق بوون کە دوکتوور بگەرێتەوە و کومیتە ناوەندی لە هەمو کارو باری حیزبیدا مەشوڕەتی بێ بکا تا دەگەینە کۆنگرە یان کۆنفەرانسێک. بەڵام بۆ وەرگرتنی ئەوانی دیکە وبە تایبەتی کاک حەمەدەمینی سیڕاجی تووشی کێشەیەکی زۆر بووین و ئاخرەکەشی لەگەل وەرگرتنەوەی سیڕاجی موافەقەت هەر نەکرا و .....

ئەو کۆبوونەوەیە، نامەیەکی بۆ دوکتوور نووسی. بانگهێشتنی کرد کە بێتەوە کوردستان بۆ کاری حیزبی و بەڵێنی پێدا: کە کومیتە ناوەندی لە کار و باری حیزبیدا مەشوڕەتی لە گەڵ بکا. تەنانەت پەیڕەوی لە نەزەراتیشی بکا....

... دوای ئەو کۆبوونەوەیە ٣ کەس لە کومیتە ناوەندی چوینە بەغدا ولە گەڵ دوکتوور و جەماعەت چاومان بە یەک کەوت. لە سەر ٢ مەسەلە لە گەڵ کاک دوکتوور ناکۆک بووین ١. لە بەرنەزەری کادرەکان نە مانویست سیڕاجی وەر بگرینەوە. کاک دوکتووریش پێی چەقاندبوو کە بە بێ ئەو هاورێیانە هاوکاریمان ناکا ٢ د.قاسملوو قبوولی نوبوو لە گەڵ کومیتە ناوەندییەک کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەم (کۆنگرە یەک کە تۆمەتی جاسووسی داوەتە پاڵ ئەو) کاربکا. دەیویست ئۆرگانێکی تازەی رێبەرایەتی دروست کا. جا هەر ناوێکی لە سەری دانرابا بۆ ئەو فەرقی نەبوو. پاش چەند رۆژ جەبهەی ئێمە کە لێنی تێکەوت. مەلا حەسەنی رستگار رایگەیاند: من شەڕی قاسملووم پێناکرێ. ئەگەر ئێوە لە گەڵی رێکناکەون ئەمن خودا حافیز. ئەو بڕیارە هەڵوێستی ئێمەی لاواز کرد و ئاخرەکەی بەوە رازی بووین کە ئۆرگانێکی دیکە هەر بە ناوی کومیتە ناوەندی دروست بکەین... بە بەشداری شەش کەس قاسملوو، ریزوانی، سیڕاجی، قازی، رستگار وحەسەنزادە کومیتە ناوەندیمان دروست کرد. کە حەوت ئەندامی

هەبوون ئەو ۶ کەسە و هێمن و کەریمی حیسامیشمان دانابوو کە بەوییەوە بوو بنە ۸ کەس. ئەو کارە لەنێو بەدەنەی حیزبدا گیرو گرفتێکی زۆری بۆ خولقاندین کە بە پێچەوانەی بڕیاری کۆبوونەوە جوولا بوینەوە."

بۆ ئاگاداری، کێشە و دژایەتی کومیتە ناوەندی وئەندامانی ئەو کاتی حیزب لە گەڵ حەمەدەمینی سیراجی تەنها لە بەر ئەوە بوو کە بەشداری لە شۆرشەکەی ساڵەکانی ۱۳۴۶-۱۳۴۷دا کرد بوو. نەک لە بەر ئەوەی کە چەپ و کومونیست و لایەنگری یەکیتی سۆڤێت بووە. کە چی ئێستا حیزبی دیمۆکڕات ئەو شۆڕشە بە بەشێک لە خەبات وتێکۆشانی خۆی دادەنێ وشانازی پێوە دەکات و بە لاپەرەیەکی زێرینی مێژووی خەباتی رزگاریخوازی کوردی دادەنێ و بە رێزە وە باسی رێبەران و شەهیدە قارەمانەکانی ئەو شۆرشە دەکا!! بەڵام هەتا ئێستاش هیچ روونکردنەوە ودەلیلێکی بۆ هەڵوێستی ئەوکاتی خۆی نییە!!!!!

بە قەولی کاک کەریمی حیسامی" رەنگە ئەمەش جێگای پرس بێ کە بۆچی ئەندامانی کومیتە ناوەندی پاشماوەی کونگرەی ۲ و ئەوانەی لە کۆنفەڕانسی ۲ی حیزبدا بوونە کومیتەی ناوەندی، واز لە ئەندامەتی کومیتە و رێبازی خۆیان دێنن و ملرا دەکێشن کە ببنە کومیتەی سەرکردایەتی کاتی هەتا کۆنفەڕانسی ۳... "بەراستیدا ئەمە لادانی حیزبی دیمەکورات بوو لە رێبازو خەتی سیاسی دەورانی کۆمار و دژی بڕیاریاراتی کۆنفەرانسی ۱و۲ی حیزب بووە. بە واتە یەکیتر: ئەگەرچی رێبەرانی حیزب پێویست بوو لە هەلوێست وسیاسەتەکانی سۆڤێت لە مەڕ کۆماری کوردستان وکردەوەکانی حیزبی توودە، دەرس وەرگرن وجارێکی دیکە نەکەونەوە داوی ئەو حیزبە. کەچی ئەو برایانە سۆک وهاسان جارێکیتریش حیزبی دیمۆکڕاتیان کردەوە بە شاخەی کوردستانی حیزبی توودە. کە تا کۆنگرەی شەش و بگرە هەتا ئێستا کەش ئاسەواری هەر ماوە...

رۆژی ۳۰/۳/۱۹۷۱-۲/۱/۱۳۵۰ کومیتە کۆ دەبێتەوە و بڕیار لە سەر شیعاری حیزب حەواڵەی کۆنفەڕانسی سێ دەکات. رۆژی ۲۱ی خەرمانانی ۱۳۵۰ لاشاری (کۆیە) کۆنفەرانسی سێی حیزب دەبەستن. دیمەکوراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان وەک شیعاری سەرەکی حیزب هەڵدەبژێرن و وشەی(ئێرانی)ش دەکەنە پاشکۆی حیزبی دیمۆکڕات وکومیتە ناوەندییەکیش لە ۱۱ کەسەی خوارەوە هەڵدەبژێرن: د قاسملوو کەریمی حیسامی، حەمەدەمین سیڕاجی،

حەسەن رستگار، رەسووڵ پێشنماز، سەید رەسووڵ دهقان، قادری وردی، کەریم حەداد، یوسف ریزوانی عەبدولاَ حەسەنزاده ومامۆستا هێمن. کومیته ناوەندیش ئەو ٥ کەس وەک دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێرێ: ١ دوکتۆر قاسملوو سکرتێر، ٢ کرریم حیسامی ٣ سیراجی ٤ مامۆستا هێمن ٥ عەبدولاَ حەسەنزاده. پاشان سیڕاجی و مەلا عەولاَ دەنێرن بۆ بەغدا بۆلای کاک ئەحمەد تۆفیق و داوای هاوکاری لێدەکەن!!

ئەحمەد رازی نابێ و ناگەڕێتەوە بۆلایان.... بەلاَم لە راستیدا کۆنفەرانسی ٣ گۆدەتاییکی بە بەرنامە وپلانێکی لە پێشدا داڕێژراو بوو لەدژی کاک ئەحمەد تۆفیق و بۆ هەمیشه لە حیزب وەلانرا و لە مێژووی حیزبی دێمۆکڕاتدا نێوی کوژایەوە.!!!!

٢/١٢/١٣٨٦ی هەتاوی

سەر چاوەکان:

حو کومەتی کوردستان= نەو شیروان مسته فا ئەمین ..

ئاڵە کۆک = غه نی بلووریان

چل ساڵ خەبات = د قاسملوو

پێدا چوونەوە بەرگی ٢ = کەریمی حیسامی

کورد و عەجەم = ساڵح محەممەد ئەمین

کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا = د. کەماڵ مەزهەر

جوولانەوەی رزگاریخوازی کورد = سەیدعەزیز شەمزینی.

لاپەرەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٢٠–٤٧ = محەممەد خزری

ئاوڕێک لە بەسەرهاتی خۆم و رووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران= سەعید کاوه

کوردەکان= حەسەن ئەرفەع

نیوسەدە تێکۆشان = عەبدوڵڵا حەسەنزاده